# ئەنیمێشن
# سینەمای جیهان داگیر دەکات

حەیدەر عەبدولڕەحمان

# ئەنیمێشن
# سینەمای جیهان داگیر دەکات

- له بڵاوكراوه‌كانی ده‌زگای رۆشنبیریی و هونه‌ری كه‌ركووك
- په‌رتووك: ئه‌نیمێشن سینه‌مای جیهان داگیر ده‌كات
- نووسه‌ر: حه‌یده‌ر عه‌بدولڕه‌حمان
- دیزاین: كاوه فاروق
- هه‌ڵه‌چنی: ژیار حه‌یده‌ر
- چاپ: چاپخانه‌ی سرووش

له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی كتێبخانه گشتییه‌كان ژماره سپاردنی (٦٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوه

## بایەخی فیستیڤاڵی ئەنیمێشن
## لە گەشەسەندنی پیشەسازی سینەمادا

بـەردەوام لەوڵاتـە پێشـکەوتووەکانی سـینەمادا، وەك کولتوورێکـی هونەریـی، نیشـتمانی، فیسـتیڤاڵی سـینەما سـاز دەکرێـت و سـاڵانە لـە ئـان و سـاتی خۆیـدا بـە هـەزاران سـینەماکارو ئەسـتێرەی نـاسراوی سـینەما لـە هەمـوو دنیـادا بانگێشـت دەکرێـن، بـۆ بینینـی فیلمـە هەڵبژێردراوەکانـی فیسـتیڤاڵ،

ئـەم فیسـتیڤاڵانە لـە چەنـد ڕۆژێکـدا گەورتریـن خۆنیشـاندانی هونـەری بـە خۆیانـەوە دەبینـن، بـە دەیـان چالاکـی لـە پەراوێـزی ئـەو فیسـتیڤاڵانەدا ئەنجـام دەدرێـن،

بـەو شـێوەیە ئـەو چەنـد ڕۆژەی فیسـتیڤاڵ دەبـن بـە چەنـد ڕۆژێکـی زینـدوو لـە ژیانـی بەشـداربوونی ئـەو فیسـتیڤاڵانە.

بۆیـە ..فێسـتیڤاڵی فیلـم لەهەر سـوچێکی جیهانـدا ئەنجام بدرێـت، هـەر جـۆرە فیسـتیڤاڵێك بێـت، بـۆ کورتـە فیلـم بێـت یـان بـۆ فیلمـی درێـژ، کۆمەڵـێ ئامانجـی هونەریـی گـەورە هەڵدەگرێـت،

بــەر لەهەمــوو ئــەو ئامانجانــە، فیســتیڤاڵ دیاردەیەکــی شارســتانی و پێشــکەوتنی گەلانــە، هوشــیاریی و پێشــکەوتنی هــزری و هونەریــی کۆمەڵگاو هێــمای مرۆڤ پــەروەری و ئاشــتی خوازیــە.

هونــەر بەهــەر فــۆرم و شــێوازێك بێــت، پەیامێکــە بــۆ دۆســتایەتی و لێــك نزیــك بوونــەوەو تێــك گەیشــتن، بۆیــە زۆر جــاران فیســتیڤاڵ دەبێتــە پردێــك بۆپتەوکردنــی ئــەو دۆســتایەتیە مرۆییــە.

هــەر لــە رێگــەی فیســتیڤاڵەوە، کــە دەبێتــە ســەنتەرێکی گــرد بوونــەوەی ســینەماکاران بــە دەوری یەکــترو ئاشــنا بــوون بــە یەکــترو ئاڵوگــۆڕ کردنــی بیــروڕا دەربــارەی کۆمەڵــی پرســی ســینەمایی .

لەهەمــان کاتیشــدا فیســتیڤاڵ زەمینــە خــۆش دەکات بــۆ ئەنجامدانــی کۆمەڵــە پانێلێکــی هونــەری دەربــارەی فیلــم و پیشەســازی ســینەما.

وێــرای هەمــوو ئەوانــەش بەشــداربووانی فیســتیڤاڵ دەتوانــن تێکــەڵ بەخەڵکــی ئــەو شــارانە بــن و ئاشــنای کولتــوورو شارســتانی ئــەو وڵاتــە بــن، ســەردانی شــوێنەوارە مێژوویــی و کەلەپوورییــەکان بکــەن، هاوێنەهــەوارو ســەنتەرەکانی گەشــت و گــوزار بەســەر بکەنــەوە،

ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێــت کــە ئامانــج لــەو فیســتیڤاڵانە تەنهــا بینینــی فیلــم نیــە، بەڵکــو کۆمەڵــێ ئامانجــی گەورەتــر دەســتەبەر دەبــن لەپەراوێــزی ئــەو فیســتیڤاڵانە

کـە بەهـای زۆری هـزری و هونەریـی و کۆمەڵایەتیـان هەڵگرتـووە.
بـۆ بەشـدار بـوو ئاسـتی فیلمـەکان و دەرهاوێشـتەکانی فیسـتیڤاڵ گرنگـن، چونکـە جگـە لەپێزانینـی ئاسـتی فیلمـەکان، لـە وڵاتـی خۆتـدا، لـەو فیسـتیڤاڵە نێـو دەوڵەتیانـە ئەزموونـی وڵاتانـی تریـش دەبینـی، دەتوانـی لـە رێکـەی چەنـد بەرهەمێکـەوە هەڵسـەنگاندنێکت هەبێـت بـۆ ئاسـتی ئـەو بەرهەمانـە و بـەراورد پێکردنیان. دواتریـش کـە خـەڵات بەسـەر فیلمـە سـەرکەوتووەکاندا دابـەش دەکرێـت، کەرنەڤاڵێکـی هونـەری کـەم وێنـە دەبینـی لەکاتـی دابـەش کردنـی خەڵاتـەکان .
زۆر بەتاسـەوە چاوەڕوانـی ئـەوە دەکەیـت، فیلمـە هەڵبژێردراوەکـەی تـۆش سـەرکەوتن بەدەسـت بێنـی و بـە شـانازییەوە بگەڕێیتـەوە وڵاتەکـەی خـۆت.
لـەو گەڕانەوەیـەت دا کۆمەڵێ ئەزمـوون و بڕیك زانیاری و مەعریفـەو مشـتی یـادگاری لەگـەڵ خۆتـا دێنیتـەوە، کـە ڕەنگـە بـۆ تـۆ زۆر بەسـود بێـت و لەرۆژانـی دابێـت بەکەڵکـت بێـن، بەتایبـەت کاتـێ بـۆ جارێکـی تـر دەتەوێـت بەبەرهەمێکـی تروبـە ئامادەبوونێکـی تـرەوە بگەڕێیتـەوە.
بـێ شـك فیسـتیڤاڵ هەلێکـی گونجـاوە بـۆ ئـەوەی ئـەو لاوانـەی لـە بـواری دروسـت کردنـی فیلمـدا لـە ئەزموونـدان، لـە بۆنەیەکـی واداو بـە دیاربینەرێکـی زۆر نمایشـەکانیان ببیندرێـت و ببنـە جێگـەی ڕەزامەنـدی

بینەرانی فیستیڤاڵ، کاتێکیش بەختەوەرتر دەبن، کە سەرکەوتن بەدەست دێنن.
کاتێك فیستیڤاڵ پێگەی خۆی بە گەورەیی دەبینێت کە فیستیڤاڵ بوو بە کولتووری بەردەوامی کۆمەڵگایەك و هەموو ساڵ جارێك لە کات و شوێنی خۆیدا زیندوو بێتەوە.
فیستیڤاڵی کەرکوکی نێو دەوڵەتی بۆ فیلمی ئەنیمێشن، لەو فیستیڤاڵانەیە کە تێیدا زۆرێك لە ئەستێرە ناسراوەکانی بواری سینەما، بەهەموو پێکاتەو نەتەوەکانەوە، تێیدا ئامادە دەبن، بە هەموویان مانایەکی جوانتر لەخۆی بە کەرکوك دەبەخشن، بە راستەقینە دەیکەن بەشاری ئاشتی و پێکەوە ژیان.

# سەرەتایەک بۆ
# دروست بوونی فیلمی ئەنیمێشنی کوردی

ئەنیمەیشن لەسینەمای کوردی دا بەهونەرێکی مۆدێرن دادەنرێت، دوای ئەوەی لەزۆریەی وڵاتانی دیکەی پێشکەوتووی جیهاندا، تەمەنی فیلمی ئەنیمێشن لەسەدەیەکی تێپەراندووە.
ئەم دواکەوتنەی گەَلی ئێمە لەڕووی دوست کردنی فیلمی ئەنیمێشن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە:
فیلمە ئەنیمەیشنەکان توانایەکی زۆری هونەری و تەکنیکی دەوێ، ڕەنگە لە دەسەڵاتی هەموو سینەماکارو دەرهێنەرێکدا نەبێت.
جگە لەدەرهێنەر، ئەنیمێشن پێویستی بەدەست و پەنجەی داهێنەرانەی تریش دەبێت لەڕووی تەکنیکی و پراکتیکی و پیشەگەری، وێڕای پێویستیت بەکۆمپیوتەرو ئامێرە پێشکەوتووەکانی دیزایین و پڕۆگرامە تایبەتیەکانی، ئەگەر بتەوێت فیلمەکە لەڕووی کوالیتەوە لە ئاستێکی بەرز دابێت.

ڕەنگە مسۆگەر بوونی ئەو پێویستیانە لەهەلومەرجی ئەمڕۆی سینەمای کوردی، کارێکی سەخت و دژوار بێت و لەدەرەوەی خواست و بازنەی دەسەڵاتی دەرهێنەرێکدا بێت، ئەگەر کۆمپانیایەکی تایبەت بەبەرهەم هێنانی فیلمی ئەنیمێشن، هاوکار نەبێت.
چونکە چەند ئەوەندەی ئەرکەکە لەڕووی هونەری و تەکنیکییەوە ئاستەمە، ئەوەندەش لە ڕووی ئابوورییەوە، فیلمی ئەنیمێشن پێویستی بەخەرجی و داراییەکی باش هەیە.
جگە لەکێشەی تەکنیك و کۆمپیوتەری پێشکەوتوو، وردەکارییەکانی دیکەی فیلم، لەڕووی سیناریۆو بیرۆکەی فیلمیش، دیسان هەر دەرهێنەر ڕووبەڕووی جۆرە قەیرانێکی دیکە دەکەنەوە.
ئەم واقیعە نەرێنیەیە دەستی دەرهێنەری کوردی لەبواری فیلمی ئەنیمێشندا لەچەندین رەهەندەوە کورت کردووە، وای کردووە ژمارەی ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن بەپەنجەی دەست بژمێردرێن.
هەشن هەموو هەوڵو تەقەلاکانیان لەسنووری دروست کردنی کورتە فیلمێکی ئەنیمێشن دا چڕ دەکەنەوە، یاخود کار بۆ دۆبلاژ کردنی فیلمەکان دەکەن، بۆ کاری بازرگانی نێوخۆیی.
بەمەش ناتوانین پشت بەئومێدێکی گەورە ببەستین بۆ ئایندەی نزیکی کوردستان لەڕووی فیلمی

ئەنیمێشن و بڵێین لەم ڕووەوە ئێمەش بزاڤێکمان هەیە.
مێژووی فیلمی ئەنیمێشنی کوردی زۆر کورتە و لەگەڵ پەیدا بوونی تەلەفزیۆن لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، تەلەفزیۆنە لۆکالیەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی فیلمی کارتۆنی، هەوڵی لاوەکیان داوە، کە توانج بخەنە سەر وێنەکان و دۆبلاژی فیلمەکان بکەن بۆ زمانی کوردی.
دواتریش چەند کەناڵێکی ئاسمانیش سوودیان لەپرۆسەی دۆبلاژی فیلمی کارتۆن وەرگرت و چەند فیلمێکی کارتۆنیان بۆ منداڵانی کورد بە بەرهەم هێنا.
بەڵام هیچ لەو کارتۆنە دۆبلاژ کراوانە لەسەر فیلمی ئەنیمێشن هەژمارناکرێن، چونکە بەرهەمەکان کوردی نین جگە لەدۆبلاژی زمان.
دەکرێ بڵێین لە نەوەدەکانەوە هەوڵێکی جدی لەلایەن سینەماکارە کوردەکان بۆ دروست کردنی فیلمی ئەنیمێشنی کوردی سەری هەڵدا، بەتایبەت بۆ دروست کردنی کورتە فیلم.
بەڵام هەوڵەکان زۆر سست و خاو بوون و جێگەی متمانە نەبوون بەهۆی کۆمەڵێ هۆکار کە ئێمە لەسوچێکی تردا ئاماژەمان پێی کردووە.
لەدوو هەزارەکانیشدا بەهۆی پەرەسەندنی بایەخی

زۆری فیلمـــی ئەنیمێشـــن بەتایبـــەت لـــە فیســـتیڤاڵە جیهانیەکانـــدا، ســـینەمکارانی کوردیـــش ڕووبـــەڕووی مەحاڵەکـــە بوونـــەوە.
دەرهێنـــەری کـــورد( بەهنـــام بابـــا زادە) بەسپۆنســـەری کەناڵـــی ڕووداو کاری دەرهێنانـــی بـــۆ فیلمـــی ئەنیمشـــنی (ئـــاگا) کـــرد کـــە لـــە نووســـین و ســـیناریۆی ئەمیـــر حاجـــی داود بـــوو.
دەکـــرێ ئـــەو فیلمـــە وەك درێژتریـــن فیلمـــی ئەنیمێشـــنی کـــوردی دابنێیـــن
پـــێ دەچـــێ ســـینەماکارانی ئێمـــە ئەگـــەر پەناگەیەکیـــان نەبێـــت لەشـــێوەی کۆمپانیـــاو پێداویســـتیەکانی دروســـت کردنـــی فیلمـــی ئەنیمێشـــن، بـــۆ ئـــەوان ئاســـتەم بێـــت بتوانـــن کار بکـــەن .
**دوو ڕێگەی شەرعی و ناشەرعی بۆ بەرهەمهێنان:**
بـــەڵام هەنـــدێ لـــەو ســـینەماکارانە دوو ڕێگەیـــان لـــە بـــەردەم دایـــە و تـــا ئێســـتا زۆر لـــەوان یەکـــێ لـــەو دوو ڕێگەیەیـــان پیـــادە کـــردووە:
یەکەمیـــان ڕێگەیەکـــی شـــەرعیەو لەســـەر حیســـابی گیرفانـــی خۆیـــان لەنـــان و قوتـــی مناڵەکانیـــان دەبـــڕن و لـــەو کۆمپانیانـــە فیلـــم دروســـت دەکـــەن و لەفیســـتیڤاڵەکاندا بەشـــداری پـــێ دەکـــەن، لەپێنـــاو نـــاو دەرکـــردن، چونکـــە جگـــە لەفیســـتیڤاڵ فیلـــم چ قازانجێکـــی دیکـــەی مـــاددی تێـــدا نیـــە، چونکـــە فیلمـــی ئەنیمێشـــن لـــە وڵاتـــی ئێمـــەدا

بـازاڕی سـینەمای نیـە.
دووەمیـــان ڕێگەیەکـــی ناشـــەرعی هەیـــە کۆمەڵێـــك لــەو بەنــاو سـینەماکارانەی ئــارەزووی فیلــم دروســت کردنیــان هەیــە، بــە بــڕە پارەیەکــی کاش دەســتاو دەســت، فیلـم بەهەمـوو خەرجـی و ئەرکـی ئامادەکـردن و بەرهـەم هێنـــان لەفرۆشـــیارەکان دەکـــڕن، لەوانـــەی بازرگانـــی بەفیلـــم دەکـــەن، نـــاوی کەســـی کڕیـــار (دەرهێنـــەر) ی لەســـەر دادەنێـــن و بـــە ئامادەکـــراوی ڕادەســـتی دەکـــەن، ئیـــدی کڕیارەکـــە ئـــازادە چـــۆن بـــەکاری دێنـــێ .
هـــەردوو دیـــاردە ئێســـتاکە لـــە کوردســـتاندا هەنـــەو کاریـــان پـــێ دەکرێـــت، کەســـانێك هـــەن بەرێگـــەی دووەم، لەســـەر بنەمایەکـــی بـــە تـــاڵ بوونەتـــە خاوەنـــی ناوێکـــی گـــەورەو لەدنیـــای ســـینەمادا حیســـابیان بـــۆ دەکرێـــت.
بـــەڵام ئـــەو حاڵەتـــە نامۆیـــەی ئاماژەمـــان پێکـــرد، حاڵەتێکـــی بـــە دەگمەنـــەو نەبۆتـــە دیـــاردە، لەبەرامبـــەر ئـــەوەدا کۆمەڵـــێ توانـــای تـــر هـــەن، وێـــڕای هەمـــوو تەنگـــژەکان بەردەوامـــن لـــەکاری خۆیـــان.
ڕەنگـــە تواناکانـــی هەنـــدێ لـــەوان چۆتـــە دەرەوەی توانـــا جوگرافیـــە دیـــاری کراوەکانـــی نیشـــتمانی خۆمـــان، بەڵکـــو لـــەزۆر لەفیســـتیڤاڵە جیهانیەکانـــدا، لەوانـــەش فیســـتیڤاڵەکانی ئەمریـــکاو ئەوروپـــا کـــە فیلمـــی ئەنیمێشـــنی تێـــدا پێشـــکەوتووە، ســـەرکەوتنی گـــەورە بەدەســـت دێنـــن، لـــە نێـــو چەندیـــن وڵاتـــی دنیـــادا خـــەڵات

وەردەگـــرن.
ئـــەم حاڵەتانـــە دڵخـــۆش دەکـــەن، کـــە کـــورد توانـــای لەراددەبـــەدەری داهێنانـــی هەیـــەو دەتوانـــێ لـــە ڕووی مەحـــاڵ بوەســـتێ و نموونـــەی جوانـــی پێشـــکەوتن و داهێنـــان دروســـت بـــکات.
فیلمی درێژ:
ئـەوەی لـەو قۆناغـەدا خواسـتی ئێمەیـە، کار بـۆ دروسـت کردنـــی فیلمـــی درێـــژی ئەنیمێشـــن بکەیـــن، ڕاســـتە کـــە بـــۆ ماوەیـــەك کارمـــان لەســـەر کورتـــە فیلمـــی ئەنیمێشـــن کـــردووە، چەنـــد فیســـتیڤاڵێکی تایبەتیشـــمان بـــۆ کورتـــە فیلـــم ئەنجـــام داوە، بـــەڵام دەبـــێ ئیـــدی ئـــەو قۆناغـــە تێپەڕێنیـــن، چونکـــە ســـنووری بڵاوکردنـــەوەو ســـوود لـــێ بینینـــی زۆر تەســـکەو لـــە فیســـتیڤاڵە جیهانیەکانـــدا دەبـــێ بـــە فیلمـــی درێـــژ جێگـــەی خۆمـــان بکەینـــەوە،
هەمـــوو گەلانـــی دنیـــا بـــە تایبـــەت لـــە ئەوروپـــا ئێســـتا فیســـتیڤاڵ بـــۆ فیلمـــی درێـــژ دەکـــەن، ناکـــرێ دەســـەڵاتی ئێمـــە تەنیـــا کورتـــە فیلـــم بێـــت و بـــێ بـــەش بکرێیـــن لـــەو فیســـتیڤاڵانە بەهـــۆی نەبوونـــی فیلمـــی درێـــژ.
بـــەڵام کـــە تـــۆ بڕیـــار دەدەیـــت فیلمـــی درێـــژ بکەیـــت، ئەرکەکانـــت قورســـتر دەبـــن، چونکـــە ئەمجـــارە دەچیتـــە قۆناغێکـــی بڵندتـــر لـــە کورتـــە فیلـــم و دەبێـــت بـــە ئاراســـتەیەکی جیهانیـــی کار بکەیـــت، بـــە شـــێوەیەك ئاســـتی فیلمەکـــەت لەگـــەڵ فیلمـــە بەشـــداربووەکانی

دیکـەی جیهـان هاوسـەنگ بێـت و بـە تەکنەلۆژیایەکـی وا کار بکەیـت، هاوتـای فیلمـە نێودەوڵەتیەکانـی تـر بێـت لـەڕووی کوالیتـەوە.

ئـەوان لەکۆمپانیایەکـی وەك هۆلیـۆد لـەڕووی تەکنەلۆژیـای مۆدێرنـەوە کاردەکـەن، پـارە بـۆ بەرهەمهێنانـی فیلمـی ئەنیمێشـن خـەرج دەکـەن، بـەڵام دواتـر داهاتـی فیلمەکانیـان قەرەبوویـان بـۆ دەکاتـەوە، یـان قازانجـی لـێ دەکـەن.

بـەڵام ئێمـە ئـەوە گریـمان بەباشـترین و مۆدیریترین فـۆرم فیلمەکانمـان بەرهـەم هێنـا، لـە کام بـازاڕی سـینەما دەیانفرۆشـین؟

ئێمـە گەلێکـی بـێ بـازاڕی سـینەماین، هەمـوو ئومێدێکـمان فیسـتیڤاڵەکانە، کـە پاداشـتەکەی تەنیـا قەلغانێکـی ڕێـز لێنانـە.

بـەڵام ئەگـەر بەراوردێکـی ڕابـووردووی خۆمـان بکەیـن لـەڕووی ژمـارەی بەرهـەم و ژمـارەی سـینەماکارانی بـواری فیلمـی ئەنیمێشـن، ئـەوە هەسـت بـەو گۆڕانـە ئەرێنیـە دەکەیـن کـە لـەو ماوەیـەدا دروسـت بوونـە لەکوردسـتان.

کەواتـە بـەرەو پێشـوەچوونێك هەسـتی پـێ دەکرێـت، هەتـا ئەگـەر لەسـەرخۆش بێـت.

هـەر بـۆ نموونـە تەنیـا لەچوارچیـوەی فیلمـی ئەنیمێشـن لـە (بابـل)، چـوار دەرهێنـەری کـورد بەشـدارییان تێـدا

کرد، ئەمەش نیشانەی بەردەوام بوونە.
ڕاستە کە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دواییدا بەرهەمهێنانی فیلمی ئەنیمێشن بۆتە جێگەی بایەخی سینەماکارانی ئێمەش لەکوردستاندا، بەڵام چونکە هونەرەکە لای ئێمە تازە دە ناسرێت، کاری ئەنیمێشن تەنها لەسەر بوون و نەبوونی دەرهێنەرێك نەوەستاوە، بەڵکو پێویستە بنەماو رەگەزە گرنگەکانی دیکەی دروست کردنی ئەو پیشەسازییە دابین کرابێت، لەوانەش سیناریۆو دیزایین کارو دەنگ و هەموو پێداویستیەکانی تر .
رەنگە ئەوەش بۆ کۆمەڵگایەك سەخت بێت کە لەبواری تەکنەلۆژیادا دەسەڵاتێکی دیاری کراوی هەبێت، بەڵام سازدانی فیستیڤاڵ ئەگەر رووکەشیش بێت، بۆ ئەوە باشە کە بینەری کوردو تەنانەت سینەماکارانی کوردیش ئاشنا بەو هونەرە بن کە خەریکە پانتاییەکی بەرفرەوان لە هونەری سینەمادا داگیر دەکات لەجیهاندا.
تا ئێستا ئەو دەرهێنەرانەی کار لەفیلمی ئەنیمێشن دەکەن، زۆر بە دەگمەنن، بە هۆی سەختی هونەرەکەو پێداویستیە هونەرییەکانی.
جگە لەوەش تەنانەت سینەماش لەکوردستاندا بە تەواوەتی نەکەوتۆتە سەر پێ، چ جای فیلمی ئەنیمێشن.
کە جار جارە لەپەراوێزی ڤیستیڤاڵە سینەماییەکاندا


شـــوێنێکی بـــۆ دەکرێتـــەوەو فیلمـــە کوردییـــەکان نمایـــش دەکرێـــن.
هـــەر لـــەو ڤیســـتیڤاڵانەدا خەڵاتـــی تایبەتیـــش بـــۆ فیلمـــی ئەنیمێشـــن تەرخـــان دەکرێـــن.
لـــەو پەراوێـــزەدا ئاماژەمـــان بەژمارەیـــەك دەهێنـــەرو فیلمەکانیـــان کـــردووە، کـــە کاری ئەنیمێشـــنیان ئەنجـــام داوە، ڕەنگـــە دەســـەڵاتی ئەوەمـــان نەبێـــت نـــاوی هەموویـــان بهێنیـــن، تەنیـــا چەنـــد نموونەیـــەك نەبێـــت لـــەو بـــوارەدا.

# دەرهێنەرە کوردەکانی فیلمی ئەنیمێشن
# لە کوردستاندا

## دەرهێنەر (بەهنام بابە زادە)


## فیلمی ئاگا:

یەکێ لەو فیلمە ئەنیمێشنانەی لەو ماوەیەدا لەژێر ناونیشانی (ئاگا) کە لە نووسین و سیناریۆی (ئەمیر حاجی داودە) لەلایەن (بیهنام بابا زادە) دەرهێنانی بۆ کراوە.
کۆمەڵێ هونەرمەندی ناسراوی ئەو بوارە نواندنیان تێدا کردووە، لەوانە( هەژان هێرش، ساز ئاسۆ)
کاری ساوند دیزایین لەلایەن (بژار دیلان) ئەنجام دراوە، (دەریا کاروان) گۆرانی تێدا چڕیووە.
لەبەرهەمهێنانی (ئەدیابین ئەجێنسی)
چیرۆکی فیلمەکە باس لەمنداڵێکی کورد دەکات، کە دەرباز بووی رژێمی بەعسن، لەکاتی تراژیدیای گەورەی ئەنفالدا.
بە گشتی فیلمەکە باس لەمەینەتی و ئازارەکانی کورد دەهات لەوکارەساتانەدا.
فیلمەکە لەساڵی ٢٠١٧ لەزۆربەی سینەماکانی کوردستان نمایش کراوە، هەروا لە ١٤ ی نیسانی ٢٠١٨ لەیادی پڕ لەمەرگەساتی ئەنفالدا لە کەناڵی ( ڕووداو) پەخش کرا.
درێژترین فیلمی ئەنیمێشنە لەکوردستان .


aga
THE BOY WHO SURVIVED
WORLD NEVER FORGET
PILKIPEDIA PICTURES KNIGHT PRODUCTIONS STEVEN KNIGHT PILKIPEDIA KARL PILKINGTON 'NAME OF THE FILM' RICKY GERVAIS STEPHEN MERCHANT JANE FALLON SUZANNE NONAME
SCOTT HANSON MMATT PILKERS TWINKLE & GLOOM ART OSMIUM GUILLOTINE WOODY CHINCHILLA JOHNNY & FOODAGE
STEVEN KNIGHT BOXER GIRL THE RICKY GERVAIS SHOW SPUDDY & SLEEPING BEAUTY
COMING NEVER

## دەرهێنەر(سەردار زەنگەنە):

خاوەنی زۆرترین فیلمی ئەنیمێشنە لە کوردستان .
تا ئێستا پێنج فیلمی ئەنیمێشنی دەرهێناوە کە بریتین لە فیلمەکانی:
١. پەنجەکان:
٢. مرۆڤ : ساڵی ٢٠٢٢ فیلمی ( مرۆڤ) لەپێشبڕکێی فیلمی یەك خولەکی لەوڵاتی فەڵەستین لە نێو ١١٦ فیلم و ١٣ وڵاتی عەرەبی خەڵاتی یەکەمی بە دەست هێناوە.
٣. مێگەل : ساڵی ٢٠٢٣ خەڵاتی یەکەمی لە فیستیڤاڵی سەفاقس لە تونس بە دەست هێناوە.
٤. هەلی یەکسان : ساڵی ٢٠٢١ لە نێو ١١٦ فیلم لەسەر ئاستی ١٦ وڵاتی عەرەبی خەڵاتی یەکەمی بە دەست هێناوە
٥. سەگ


أصابع
Fingers
ANIMATION SHORT FILM
Directed by Sardar Zangana
SCREENPLAY - MALAK AL-AHMAD PRODUCED BY THE KIRKUK FOUNDATION FOR CULTURE AND ARTS
VOICEOVER - SARDAR ZANGANEH - TALAL AL-KHASHAN - MAYA GHAFOOR - HUSSEIN ZANGANEH - TAHA YASSIN
PRODUCTION MANAGER - TAHSEEN AHMED RENDER - MAITHAM HASHEM
DRAWINGS AND ANIMATION - ANAS AL-MUSAWI MADE BY - GOLDEN GATE ANIMATION STUDIO
GOLDEN GATE
Kirkuk Foundation for Culture and Arts
ARTLINE PRODUCTION


فرص متساوية
EQUAL CHANCES
!#%&$
ANIMATION SHORT FILM
DIRECTED BY SARDAR ZANGANA
اخراج سردار زنكنة
سيناريو ولاء المانع مدير الانتاج عادل جاوشين برعاية مؤسسة كركوك للثقافة و الفنون
تمت عمليات الرسوم و التحريك في
استوديو البوابة الذهبية للانتاج الفني و الاعلاني
أنس الموسوي
Kirkuk Foundation for Culture and Arts
Golden Gate


الانسان
اخراج سردار زنكنة
سيناريو ملاك الاحمد مدير الانتاج : صابر رحمن
برعاية مؤسسة كركوك للثقافة والفنون
تمت عمليات الرسوم والتحريك في استوديو البوابة الذهبية للانتاج الفني والاعلامي
انس الموسوي


FOLD....
القطيع....
ANIMATION SHORT FILM
اخراج سردار زنكنة
سيناريو ولاء المانع مدير الانتاج عادل جاوشين برعاية مؤسسة كركوك للثقافة و الفنون
تمت عمليات الرسوم و التحريك في
استوديو البوابة الذهبية للانتاج الفني و الاعلاني
أنس الموسوي
مؤسسة كركوك للثقافة والفنون
Kirkuk Foundation for Culture and Arts
Golden Gate


The dog
Script And Direction
SARDAR ZANGANA
Design, Animation, Montage, Music, Mixing
MUHAMMED ZAHIR HAMMUDE

## دەرهێنەر (بارزان ڕۆستەمی)

دوو فیلمی ئەنیمێشنی هەیە:
١.فیلمی باڵانس
٢.پژواك

بەرزان ڕۆستەمی دەرهێنەری ئەنیمەیشێنی) پژواك (ڕایگەیاند ئەم بەرهەمەی لەشەشەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی (The Global Impact) لە وڵاتی ئەمریکا بەشداره.

ئاماژەی بەوەشدا ئەم فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییە ٢٨ بۆ ٣٠ی ئەگێست لە ئەمریکا بەرێوەدەچێت.

شیاوی ئاماژەیە (بەرزان ڕۆستەمی) دەرهێنەری لاوی کورد پێشتریش بەفیلمی )باڵانس( چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی مسۆگەر کرد.

فیلمی (باڵانس) بەرهەمی ناوەندی پەرەپێدانی سینەمای دێکۆمێنتاری و ئەزمونیەو چیرۆکەکەی هەڵوەستە کردنە لەسەر بەسەرهاتی ئەو سەربازە لەخۆبردووانەی کە لەسالانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا لەبەرانبەر هێرشی ڕژێمی بەعسی عێراقی بەرگرییان لەوڵات کرد بۆ ئەوەی منداڵان و نەوەی نوێ لەئارامی و سەقامگیریدا بژین.

## دەرهێنەر (وڵات عابد)

کورتــە فلمــی قەلــەرەش(raven) بەشــداری چــوار فێســتیڤالی نێودەولەتــی کــردووە:

فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی کورتە فیلم لە ئەمریکا.

فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی کورتە فیلم لەڕوسیاو کۆڵۆمبیا

فیســتیڤاڵی شەشــەمی کەرکوکــی نێودەوڵەتــی بــۆ فیلمــی ئە نیمێشـــن

خەڵات لە ڕێگەی ئەو کورتە فیلمە دەیەوێت بڵێت :


گەنجانــی کوردســتانیش دەتوانــن بەپرۆگرامــی بەهێــزی Unreal Engine هاوشــێوەی وڵاتانــی پێشــکەوتوو کاری ئەنیمەیشــن و 3D ئەنجــام بــدەن.

فیلمەکــە چیرۆکــی لێــك دابڕانــی منداڵێــك و ســەگەکەی لــە شـــاری موسـڵ دەگێڕێتــەوە، لەکاتــی هاتنــی چەکدارانی داعش بــۆ شــاری موســڵ و دەوروبــەری، دواتــر هەوڵەکانــی هێــزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان نیشـــان دەدات کاتێــك دەیانەوێــت ناوچەکــە لــە چەکدارانــی داعــش پــاك بکەنــەوە.




## دەرهێنەر (جوبرائیل ئەبوبەکر)

## فیلمی ئەنیمێشنی کوردی (ئیلان)



بەشداری لە ٦٠ ڤیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی کردووە،
فیلمەکە تا ئێستا ٢٠ خەڵاتی بە دەست هێناوە.
فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (کەلات نیسای) لەئیتاڵیا هونەرمەندی سینەما و دەرهێنەری کورد (جبرائیل ئەبوبەکر)ی وەك نوێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ فێستیڤاڵەکە هەڵبژارد و لەڕێگەی ئەوەوە فیلمە کوردییەکان دەگەنە ئیتاڵیا بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤالە.
جێگای سەرنجە فیلمی (ئایلان) لە دەرهێنانی دەرهێنەری کورد جبرائیل ئەبوبەکر، ساڵی ٢٠١٨، لە کۆتا دانیشتنی فێستیڤاڵی فیلمی (کەلات نیسای) بەشداری کرد و خەڵاتی باشترین فیلمی بەدەستهێنا.
فیلمەکە چیرۆکی منداڵە کوردەکەی ئایلانی خستەڕوو، کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە دەریای ئیجە لە تورکیا خنکا، لەکاتێکدا خێزانەکەی لە هەوڵی کۆچکردن بوون بۆ یۆنان، فیلمەکە ٤ خولەك دەخایەنێت.
هەروا فیلمەکە بەدواداچوون بۆ گرژییەکانی سوریا دەکات لەکاتی هێرشی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ئەم وڵاتە و ئەو ململانێیە خوێناوییە ناوخۆییەی کە وای لەهاوڵاتیانی ئەو وڵاتە کرد لەڕێگەی کۆچبەریەوە بەدوای ڕزگاریدا بگەڕێن، لەنێویاندا بنەماڵەی ئایلان کوردی بووکە بەسەر شەپۆلەکانی دەریادا کۆچیان کردووە و چیرۆکەکە کۆتایی دێت لەگەڵ مردنی منداڵەکە لە کەناری دەریا.


The Silence of The Sky
Director
JUBRAIL ABUBAKER

**بێدەنگی ئاسمان**

کورتــە فیلمــی ئەنیمەیشــنی کــوردی (بێدەنگــی ئاســمان) لەدەرهێنانــی (جوبرائیــل ئەبوبەکــر) خەڵاتــی باشــترین فیلمی لەیەکێــك لــە فێســتیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانــی وڵاتــی ڕووســیا بەدەســتهێنا.

فیلمەکــە، بــە زمانــی کــوردی، بــاس لەجیهانی خۆشەویســتی بەرامبــەر بــە جیهانــی خراپــەکاری دەکات کــە ڕێکخــراوی تیرۆریســتی داعــش نوێنەرایەتــی دەکات.


جێــگای ســەرنجە کــە فیلمەکــە پێشــتر لەفێســتیڤاڵی فیلــم دژ بــە تیــرۆر لەهەولێــر نمایشــکرا و سەرســامی بینەرانــی بەدەســتهێناوە بــە پێچەوانــەی جیهانــی خراپەکارییــەوە کــە داعشــی تیرۆریســتی نوێنەرایەتــی دەکات.

هەروەهــا خەڵاتــی زیوینــی لەفێســتیڤاڵی خەڵاتــی فیلمــی ئەمریــکای باکــووردا بەدەســتهێنا کــە لــە ئەمریــکا بەڕێوەچــوو.

فیلمەکــە لەدەرهێنانــی )جبرائیــل ئەبوبەکــر) و لــە نووســینی (پشــتیوان عەبدوڵــڵا) لەچەندیــن پایتەختــی بیانــی و فێســتیڤاڵ نمایشــکرا، کــە لەڕێگەیــەوە خەڵاتــی زۆری بەدەســتهێنا.

## دەرهێنەر (سەروەر عەبدوڵڵا)

فیلمی (زەلاڵ) ساڵی ٢٠١٢ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما لە دهۆك بە بەرهەم هاتووە.
کورتە فیلمی (هیڤی) ساڵی ٢٠١٤ کاری دەرهێنانی بۆ کراوە.
کورتە فیلمی ئەنیمێشنی Drowning is Better ساڵی ٢٠٢٤ دەرهێندراوە.





PURE
ZELAL
ANIMATED SHORT FILM BY
SARWAR ABDULLAH
2012


HOPE
ANIMATED SHORT FILM BY
SARWAR ABDULLAH
2014


## دەرهێنەر (کەیهان ئەنوەر)

فیلمـی (میلـودی نایـت)ی دەرهێنـەر (کەیهـان ئەنـوەر) کـە بـە کوالیتێکـی بـەرز ئەنجـام دراوە، بـاس لـە قوربانیەکانـی تیـرۆر و میـن دەکات.
لـە چەندیـن ڤیسـتیڤاڵی نێـو دەوڵەتـی بەشـداری کـردووەو چەندیـن خەڵاتـی بەدەسـت هێنـاوە.
بـەڵام کاتـێ فیلمەکـە لەفیسـتیڤاڵی ئەڵمانیـا بەشـداری کـرد، دەرهێنـەری فیلمەکـە ئامادەبـوو، بـەڵام لەئەنجامـی کارێکـی تیرۆرسـتی لەلایـەن تیرۆرسـتانەوە تیـرۆر کـرا.


Melody Night
A film By
Kayhan Anwar


تا ئێستا دوو فیلمی ئەنیمێشنی هەیە:
**فیلمی (خەرەند)** باس لە ئەشکەنجەو ئازارەکانی کۆچ دەکات بۆ هەندەران، لە ترسی جەنگ، لەوکۆچە پڕ لەمەرگە ساتەدا چۆن خەونی منداڵەکان لەبار دەچن.
فیلمەکە لەلایەن کۆمپانیای **Nas medya** ئەنجام دراوە.
لەچەندین ڤیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی خەڵاتی بەدەست هێناوە.
**فیلمی ئەنیمێشنی (فری):**
چیرۆکی زیندانی کراوێك دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەو زیندانیە زۆر پەرۆشی ژیانەو دیوارەکانی زیندان پڕ دەکات لەوێنەی پڕ لەگوزارشت و وەك کەسێکی ئازاد لەجیهانێکی جوان دا دەژیت.


2020
FREE
DIRECTED BY SAMI KAKA
SCRIPT WRITER
AHMED ABBAS
STORY BOARD
BASHTEWAN ABDULLAH
DRAWING & ANIMATION
ANAS ALMWSAWEE
RED POT AUDIO PROTACTION
GOLDEN GATE


Film
ABYSS
هاوية
SCREEN PLAY
Pshtewan Abdulla
Directed By
SAMI KAKA


## دەرهێنەر (پشتیوان عەبدوڵڵا)


فیلمی ئەنیمێشنی کوردی (سەمای بەفر) دەرهێناوە، ٢٠٢٠ بەرهەم هاتووە .
لەچەندین ڤیستیڤاڵی سینەماییەدا بەشداری کردووە، لەوانەش ڤیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی کەرکوك بۆ فیلمی ئەنیمێشن.



## دەرهێنەر (رافد سەفوەت جەراح)

خوێندنی لەبواری ئەنیمێشن لەئەکادیمکریای دۆسییلدۆف لەئەڵمانیا خوێندووە،
خوێندن لەبواری دیزاینی مالتیمیدیا / کرێفیلد/ئەڵمانیا
ماستەری هەیە لەهونەر لەشاری دۆسیلدۆف/ئەڵمانیا
هەر یەك لەو کورتە فیلمانە لەچەندین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی کورتە فیلم لەچەندین وڵاتی جیهان بەشدارییان کردووەو سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە،
١.کورتە ئەنیمەیشن ( جەنگۆ و مانگۆ ) ٢٠١٥ ٦:٣٠ خولەك.
٢.ڤیدیۆکلیپی ئەنیمەیشن ( فلامینکۆ ) ٢٠١٧ ٢:١٣ خولەك.
٣.کورتە ئەنیمەیشن ( ئەوەی منی کوشت دەریا نەبوو ) ٢٠١٩ ١:٣٠ خولەك.
لەفیستیڤاڵی( ئەنیمار) لە (فۆرلی) ئیتاڵیا بەشداری کردووە.
٤.ڤیدیۆی کورتی ئەنۆمات/ جوڵەی وەستان ( ڕووخساری زنجیر ) ٢٠١٤ ١:٣٣ خولەك. ٥.کورتە ڤیدیۆی ئەنیمەیشن Smiley ٢٠١٣/ ١:١٠ خولەك


Jango and Mango
short animated film
by
Raafed Jarah
2015
R. Jarah 2014
PRODUCTION: JARAH DESIGN WWW.JARAH-DESIGN.COM
DIRECTION, STORYBOARD, ANIMATION, SOUND DESIGN, BY RAAFED JARAH.


An animated short film
by
Raafed Jarah
Who Killed me was not the sea!
Alan Kurdi
sedicicorto
Official Selection
Production
Jarah design
Sound design
Saman Mustafa




## دەرهێنەر (محەمەد سیروان)


محەمەد سیروان گەنجێکی کوردە، فیلمێکی ئەنیمێشن بۆ کەناڵێکی ئەمریکی دروست دەکات.
لەم بوارەدا دەرگای ئینتەرناسیۆنالیزمی بۆ کرایەوەو بەشداری لەبەرهەمهێنانی فیلمێکی ئەنیمیشن کرد کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی فیفا بۆ مۆندیالی قەتەر ۲۰۲۲ ئامادە کرابوو.
سیروان تاکە گەنجێکی عێراق و هەرێمی کوردستان بوو کە بەشداریی لەم ڕووداوە مێژووییە کرد.
بەپێی چاوپێکەوتنێك کە تۆڕی میدیایی ڕووداو لەگەڵیدا ئەنجامی داوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە منداڵییەوە پەرەی بە بەهرەو تواناکانی خۆی داوە لەبواری وێنەکێشاندا



## دەرهێنەر کامیل قادر

کامیل قادر هونەرمەندێکە خەڵکی کەرکووکە، پێش کۆچ کردنی بەماوەیەك فیلمێکی ئەنیمێشنی بەناوی (شارستانیەت) بەرهەم هێناوە، بەڵام مەرگ ئەو بوارەی پێ نەدا پەرە بە بەهرەو تواناکانی بدا.






فيلم قصير
رسوم متحركة
الحضارة
سيناريو و اخراج
كامل قادر
تنفيذ
ستوديو زيد شكر للرسوم المتحركة
ضمن مبادرة دعم انتاج افلام
الانيميشن ثنائية الابعاد
Zaid Shukur Animation Studio

## دەرهێنەر (هۆزان شێرزاد)

**تا ئێستا سێ فیلمی ئەنیمێشنی دەرهێناوە بە ناوەکانی:**
١. (سیزیف ئەفسانە نیە) کە بەرهەمی دەزگای کەرکوك بۆ کولتوورو هونەرییە.
٢. فیلمی (لیبۆك و کڵاوە سیحراویەکەی)
٣. فیلمی (جیلۆ)

دەرهێنەر بە فیلمی (سیزیف ئەفسانە نیە) بەشداری لە شەشەمین دیداری کەرکوك بۆ فیلمی ئەنیمێشن دەکات. بیرۆکەی ئەم سیناریۆیە لە ئەفسانەی سیزێفەوە وەرگیراوە کە بە بڕوای ئالبێرت کامۆ : مرۆڤ بەردەوام لەململانێیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ژیان هاوشێوی، سیزێف کە حوکم کرا بەسەرخستنی بەردێك بۆسەر ئۆڵەمپس بۆ هەتا هەتایە، بۆچونی دەرهێنەر بۆچونێکی گریمانیە ئەپرسێت، ئەمە بۆ مرۆڤیکی ئاسایی ئەبێت وابێت، ژیان بۆ بۆ مرۆڤیکی کەم ئەندام ئەبێت چەند قورستر بێت؟


سيزيف
ليس اسطورة
سيناريو و اخراج هوزان شيرزاد
انتاج مؤسسة كركوك للثقافة و الفنون
ضمن فعاليات ملتقى كركوك السينمائي الدولي لأفلام الانيميشن
تنفيذ ستوديو البوابة الذهبية للانتاج الفني/انس الموسوي
GOLDEN GATE
2024


LIFT-OFF GLOBAL NETWORK
FIRST-TIME SESSIONS FILMMAKER 2022 OFFICIAL SELECTION
2023 HONORABLE MENTION
Student World Impact Film Festival
OFFICIAL SELECTION
ANIMATED EXPRESSIONS EXPO
2023
the clown and his magic hat
film by - Hozan Sherzad
Acting - Aran Ayub Hozan Karwan Raha Muhamad
Assistant director - Ali Nawzad Sound - Edward halkawt
editing and clacket - muhamad osman Make up - zanwer Samad

## دەرهێنەر (توانا مەرجان)

فیلمێکی ئەنیمێشنی پەروەردەیی هەیە بەناوی (خۆشەویستی نیشتیمان)

توانا مەرجان دەبارەی فیلمی ئەنیمێشن بۆ بواری پەروەردە، بە فاکتەرێکی زۆر بایەخدار دادەنێت و پێی وایە، باشترین ستایلە بۆ فێر بوون و گەیشتن بەو ئامانجانەی دەمانەوێت بە قوتابی بگەیەنین.

بۆە هەق وایە دەزگا پەیوەندی دارەکان بوارێکی بەرفرەوانتر بۆ دروست کردن و نمایشکردنی فیلمی ئەنیمێشن تەرخان بکەن، کە بێ شك ئەنجامی زۆر سەرکەوتووی دەبێت.



# کەرکووک
# لەفیلمی ئەنیمێشن پیشەنگە

کرکووك بەهۆی سووربوون و خەمخۆری کۆمەڵێ لە هونەرمەندانی شارەکە، تا ئێستاسێ فیستیڤاڵ و دیداری تایبەت بەفیلمی ئەنیمێشنیان لەکەرکووك ئەنجام داوە.
چوارەمین دیداری نێودەوڵەتی فیلمی کەرکوك بۆ فیلمی ئەنیمێشن بەسپۆنسەری زانکۆی ئەلکیتاب رۆژی ٢٨ ـــ٢٩ /٢٠٢٢/٥
چوارەمین دیداری نێودەوڵەتی فیلمی کەرکوك بۆ فیلمی ئەنیمەیشن دەستی پێکرد.
دیدارەکە کە لەلایەن دەزگای رۆشنبیریی و هونەری کەرکوك لەهۆڵی سینەمای (تایم سەنتەر مۆڵ) ئەنجام درا ١٥ فیلم بەشدارییان تێدا کرد.
لە میانەی وتارێکی دەستپێکی دیدارەکەدا (سەردار زەنگەنە) بەرێوەبەری دەزگای کەرکوك بۆ رۆشنبیریی و هونەر، رۆڵی (زانکۆی الکیتاب)ی بەرز نرخاند لەپاڵپشتیکردنی بۆنە و فیستیڤاڵە رۆشنبیرییەکان لە شاری کەرکوك.
پاشان پرۆفیسۆر دکتۆر (لەتیف سەعید بەرزنجی) یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی ئەلکیتاب بۆ کاروباری زانستی، لەکاتی کردنەوەی فێستیڤاڵەکەدا وتاری زانکۆی ئەلکیتاب پێشکەش کردو وتی: زانکۆی ئەلکیتاب هەمیشە باوەشی بۆ چالاکییە هونەرییەکان کردۆتەوەو و سپۆنسەری بۆنە هونەری و

کولتوورییە جۆراوجۆرەکانی کردووە، لەپارێزگای کەرکوك بەتایبەتی و لە سەرتاسەری عێراق بەگشتی، ئەوەش بەشێکە لەئەرك و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانی.

هەروا جەختی لەسەر ئامادەیی زانکۆی ئەلکیتاب کردەوە، بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرە پشتگیرییەك و لەئامێزگرتن و چالاککردنی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی شاری کەرکووك.

دواتر قەڵغانی ڕێزلێنان بەسەر لایەنە پشتگیری کارەکان و کەسایەتییە دیارەکانی بەشدار لەفیستیڤاڵی فیلمی ئەنیمەیشن دابەش کرا.

شایەنی باسە لەو دیدارە نێودەوڵەتیەدا کورتە فیلمی ئەنیمەیشنی (کەرکوك) لەدەرهێنانی سەردار زەنگنە و ٥ بەرهەمی ئەنیمەیشنی تری ئێرانی و ١٠ بەرهەمی دەرهێنەرانی وڵاتانی دانیمارك، میسر، جەزائیر، تورکیا، هەرێمی کوردستان نمایش کران.


پێنجەمین کۆڕبەندی نێودەوڵەتی فیلمی ئەنیمێشن لە کەرکوك بەئامادەبوونی کۆمەڵێك ئەستێرەی هونەری درەوشاوە لەعێراق و کوردستان .

لەرۆژانی ٤ـ٥/ ی ئازاری ٢٠٢٣ بەسەرپەرشتی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق و بەهاوکاری سەندیکای هونەرمەندانی عێراقی ـ لقی کەرکوك، دەزگای کەرکوك بۆ ڕۆشنبیریی و هونەر، پێنجەمین دیدار نێودەوڵەتی فیلمی کەرکوکی بۆ فیلمە ئەنیمەیشنەکان لە (مۆڵ تایم سەنتەر) لەشاری کەرکوك ئەنجامدا.

لەو دیدارەدا چەند وڵاتێکی جیهان بەشدارییان کرد لەوانە:

ئێران و وڵاتانی سویسرا، بیلاڕووس، میسر، جەزائیر، تونس، سەنگافورە، یەمەن، سودان، ئوردن و عێراق.

له کۆی ١٢٧ فیلم تەنیا ١٤ فیلم لەلایەن دەستەی دادوەرییەوە هەڵبژێردران بۆ بەشداریکردن لە دیدارەکەدا.
دوای نمایشکردنی فیلمە بەشداربووەکان، ئەندامانی دەستەی دادوەری بۆ ئەم بۆنە سینەماییە دەنگی کۆتایی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:
کورتە فیلمی ئەنیمێشنی (پێش چوونە بەهەشت) لەئێران بەپلەی یەکەم دەرچوو.
فیلمەکە پێشتر خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی ئەنیمەیشنی لەفێستیڤاڵی کان لەفەرەنسا و خەڵاتی باشترین ئەنیمەیشنی لەبەشی نەوەی گێڕانەوە و جیهانی بێ ئیسرائیل بەدەستهێنا.
LOVELIRETA لەسوید بە پلەی دووەم و
PATHRATO لەسەنگافورە بە پلەی سێیەم .
لە فبستیڤاڵی (دیتشیمینوتی) نێودەوڵەتی ئیتاڵیا،ربەشداری پیشبرکێی کردووە.



کورتە فیلمی (پێش بەهەشت)

**شەشەمین دیداری نێودەوڵەتی کەرکوکی سینەمایی بۆ فیلمی ئەنیمێشن**

لەو دیدارەدا چەندین وڵاتی عەرەبی و رۆژهەڵاتی بەشداری دەکەن، لەوانە:

ئەرجەنتین، میسر، جەزائیر، تونس، ئەڵمانیا، سعودیە، مەغریب، ئیتاڵیا، ئیران، هیند، ئیسپانیا، سودان، سەڵتەنەی عومان.

جگە لە عیراق و هەرێمی کوردستان .

دوای دانیشتنی لیژنەی بژاردەکردن (٢٠) فیلمی نێو دەوڵەتی و ٥ فیلمی عیراقی و هەرێمی کوردستان هەڵبژێردران بۆ بەشداری کردن لەپێشبڕکێی دیدارەکە.

# یەكەمین دیداری نێودەوڵەتی كورتە فیلمی ئەنیمێشن لەهەولێر
# لە ٢٥ ـ ٢٨ / تشرینی دووەمی ٢٠١٩

بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر، یەكەمین دیداری نێودەولەتی كورتە فیلمی ئەنیمەیشنی لەهەولێر ساز كرد.
ئەم دیدارە كە لەناوچەكەو كوردستانیش جۆر ونموونەی نیە و زۆر تایبەمەندە، ٥٠ كورتە فیلم لە ١٧ وڵات بە كوردستانیشەوە بەشداربوون.
جیا لەنیشاندانی فیلم، چوار پانێلی تایبەتیش لەسەر سینەمای ئەنیمەیشن و گرنگیەكانی لە هەموو بوارەكانی ژیانەوە ساز كران.
لیژنەی دادوەران لەكوردو ژمارەیەك ئەندامی پسپۆر بە فیلمی ئەنیمێشن لە دەرەوەی كوردستان پێك هاتبوو.
كۆمەڵێك میوان لەدەرەوەی وڵاتیش بۆ دیدارەكە بانگهێشت كرابوون.
خەڵاتی سەرەكی بەسەر فیلمە براوەكان دابەش كرا بۆ
باشترین فیلم.
باشترین بیرۆكە
باشترین دەرهێنەری جێبەجیكار.




باشترین فیلمی نێودەوڵەتی.
(شاخەوان مستەفا)
بەرێوەبەری هونەری
سینەمای هەولێر لە
لێدوانێکدا دەربارەی
دیدارەکە گوتی:
فیلمی ئەنیمێشن بۆ ئێمە
هونەرێکی تازەیەو لەفیستیڤاڵە
سینەماییەکاندا، گرنگیەکی
تایبەتی پێدەدرێت، بۆیە ئێمەش
وەك کورد گرنگیەگی باشمان
بەبوارەکە داوە، بەچەند کورتە
فیلمێك سەرکەوتنی گەورەو
بەرچاومان لە فیستیڤاڵەکان
بەدەست هێناوە.

## دەرهێنەرانی کورد
## لە فیستیڤاڵی بابل بۆ فیلمی ئەنیمێشن

لـە فیسـتیڤیاڵی بابـل بـۆ فیلمـی ئەنیمێشـن دەرهێنـەرە کـوردەکان شـوێنی دیـاری خۆیـان هەبـوو، رۆڵێکـی کارایـان بینـی لـەو ڤیسـتیڤاڵەدا.
ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە دەرهێنـەری کـورد ئێسـتاکە توانـای ئـەوەی هەیـە کـە لـەو فیسـیڤاڵە نێـو دەوڵەتیانـە بەبەرهەمـی بەپێـز پێشـبڕکێ لەگـەڵ فیلمـە عەرەبـی و بیانیەکانـدا بـکات.
ئەوەبـوو بەشـداری چەنـد فیلمێکیهەرێمـی کوردسـتان، چالاکییەکانـی خولـی چوارەمـی فێسـتیڤاڵی سـینەمای ئەنیمەیشـنی بابـل لەشـاری هیـلا، ناوەنـدی پارێـزگای بابـل، بەپشـتگیری بەشـی سـینەماو شـانۆ لـە وەزارەتـی رۆشـنبیری عێـراق و پەیمانـگای ڕۆشـنبیریی فەرەنسـی لـە بەغـدا، ڤیسـتیڤاڵەکە ئەنجـام درا.
لەمیانـی فێسـتیڤاڵەکەدا زیاتـر لـە ٤٠ فیلـم لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق و چەنـد وڵاتێکـی عەرەبـی و بیانـی

لەڕێگـەی ٣ پێشـبڕکێیەوە کێبڕکێیـان کـرد، لەوانـە فیلمـی ئەنیمەیشـنی کـوردی نـوێ ( زوڵاڵ) لەدەرهێنانـی هونەرمەند سـەروەر عەبدوڵڵایـە.

نووسـەر و مێژوونـووس و ڕەخنەگـری فیلمـی عێراقـی (مەهـدی عەبـاس) کتێبێکـی دەربـارەی سـینەمای ئەنیمەیشـنی بەنـاوی «ئێمـە و فیلمـە ئەنیمەیشـنەکان» بڵاوکـردەوە، کـە تیایـدا باسـی گرنگی سـینەمای ئەنیمەیشـن و هاتنـە نـاوەوەی بـۆ بـواری سـینەما لـە عێـراق کـردووە. لەکتێبەکـەدا ئامـاژە بەگرنگتریـن چـوار فیلمی ئەنیمەیشـنی کـوردی لەمێـژووی سـینەمای کـوردی لەعێراقـدا کـردووە بـەم شـێوەیە:

لەوانـە فیلمـی ئەنیمێشـنی( ئیـلان )لەدەرهێنانـی جوبرائیـل ئەبوبەکـر، بەرهەمهێنانـی هەرێمـی کوردسـتان:

دەڵـێ: ئـەم فیلمـە بەشـداری لـە زیاتـر لـە ٢٠ فێسـتیڤاڵی فیلمـی جیهانـی کـردووە

فیلمێکی جوانە بە بیرۆکە و گرافیکیەوە،

هـەروا فیلمـی (شـەوی مێلـۆدی) لـە دەرهێنانـی کەیهـان ئەنـوەر، بەرهەمـی هەرێمـی کوردسـتان

بەکوالێتـی بـەرز و تەکنەلۆژیایەکـی هونـەری بەپێـز دروسـتکراوە، باس لـە ترسـناکییەکانی جەنـگ و قوربانیانی میـن و تیـرۆر دەکات، بەشـداری لـە زۆرێـك لەفێسـتیڤاڵە نێودەوڵەتییـەکان کـردووە و چەندیـن خەڵاتـی بەدەسـتهێناوە. فیلمـی( خەرەنـد) لەدەرهێنانـی سـامی کاکـە، بەرهەمهێنانـی




مهرجان بابل لسينما الأنيميشن Babel Film Festival for Animation

هەرێمی کوردستانە.

فیلمێکی جیاوازەو بەکوالیتێکی بەرز دروست کراوە،وێنەکان زۆر جیاوازن و ڕەهەندی هونەری بەرزیان هەیە، جگە لەبیرۆکەی فیلمەکە، کە باس لەکۆچبەری و جێهێشتنی نیشتمان بۆ دەربازبوون لەشەڕەکان دەکات، ئازارەکانی کۆچ و مەترسیەکانی نیشان دەدات.

ئەم فیلمە بەشداری لە ٥٠ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا کردووە و چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.

فری ــ لەدەرهێنانی سامی کاکە، بەرهەمی هەرێمی

کوردســتان، جێبەجێکردنــی هونــەری لەلایــەن کۆمپانیــای گۆڵــدن گەیــت ئەنجــام دراوە.
فیلمێکـە بـە تەکنۆلۆژیایەکـی بـەرز دروسـتکراوە، بـاس لـە خەونی ئـازادی مـرۆڤ دەکات.

## فیلمی ئەنیمێشن
## بابەت و ئامانجەکانی

هونـەری گرافیـك ئازیزترین هونـەرە لای منداڵان، لەبـەر ئـەوەی زۆرترین حـەزو ئارەزووەکانی تێر دەکات، جیهانێکی ئەفسوناوی لـە خەیاڵ و فانتازیـای هونـەری و وروژانـدن بۆ دروست دەکات،، ئاشنای دەکات بە کارەکتەرە سـەیرو سـەمەرەکانی نێـو چیرۆکـە ئەفسانەییەکانی جیهانـی ئـاژەڵان و دۆستایەتی کردن لەگـەڵ کارەکتـەرە سەرنجڕاکێشـەکان، بوکەڵـە ئازیـزە نازدارەکانـی وەك ( دۆناڵـد داك، تـۆم و جێـری، میکـی مـاوس.
منـداڵ لەگـەڵ ئـەو هونـەرە جوانـەدا، ئاشـنا دەبێـت بـە ڕەنگـی سەرسـوڕهێنەر و ڕووداوی سـەیرو مۆسـیقای خێـرا .
بۆیـە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە دیمەنـە کارتۆنییـەکان دەنگێـك بەرهـەم دەهێنـن کـە ریتمێکـی تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە لـە بـەرزی و نزمـی، لـە فۆرمـە جیاوازەکانـی تۆنـی دەنـگ، بەتایبـەت لـە لەکاتـی توندوتیـژی دا، دەنگـی لێـدان، ئـازاردان، یـان تەقینـەوە، یـان کاتـێ هەندێـك وشـە



هاوڕێیەتــی دەکــەن، بەنامۆبــوون یــان جووڵــە دەڵێنــەوە، وەك (تــوخ - تــوخ - هێــە - هــا. .) یــان دەنگــی ئــازار و ناڵــە نــاڵ، ئــەم دەنگانــە دەبنــە هاندەرێــك بــۆ منــداڵان بــۆ ئــەوەی لاســایی ئێمــە بکەنــەوە.

ئەگــەر ســەیری هەڵــس و کەوتــی ژیانــی ڕۆژانــەی منــداڵ بکــەی، بەئاســانی درك بــە کاریگەربوونــی منــداڵ دەکەیــن، بەرامبــەر بــەو پەیوەندیانــە.

نموونــەی ئــەم فیلمانــە ئــەو چیرۆکــە ســەرکەوتووانەن کــە لەلایــەن (واڵــت دیزنــی)ەوە لەژێــر ناونیشــانی ( دیزنــی و وۆرد) پێشــکەش دەکرێــن.

هەمــوو ئەمانــە بەشــێوەیەکی نایــاب بەئاراســتەکردنێکی نایابــی هونــەری بــەر جەســتە دەکرێــن

فیلمــە ئەنیمێشــنەکان جیهانێکــی خــۆش و نایــاب و سەرنجڕاکێشــن، بەهۆیــەوە منــداڵ لەواقیعــی خــۆی دادەبڕێــت و بەســۆز و خۆشەویســتییەوە بــەدوای کارەکتــەرە

کارتۆنییەکانـــدا دەگەڕێـــت،
بـــەڵام دەبێـــت کۆمەڵـــێ ئامانجـــی بنەڕەتـــی ببنـــە بنەمـــا بـــۆ پـــەروەردەی منـــداڵان، کـــە زۆرێـــك لـــەو ئامانجانە وابەســـتەیە بـــە کارلێکەکانـــی فیلمـــی ئەنیمێشـــن لەژیانـــی ڕۆژانـــەی منداڵـــدا لەوانـــە:

**بابەتی زانستی:**

فیلمـــی ئەنیمێشـــن لـــەڕووی پەروەردەییـــەوە وەك ئامـــراز بـــۆ زۆر کاری پەروەردەیـــی بەرجەســـتە دەکرێـــت، کـــە یاریـــدەدەر دەبـــن بـــۆ تێگەیشـــتن لەکۆمەڵـــێ مەرامـــی زانســـتی و مەعریفـــی منـــداڵان، هـــەروا زۆر لـــەو ڕاســـتیانەی کـــە ڕەنگـــە لەرێگـــەی بینینـــی فیلـــم زێـــتر دەخزێتـــە نێـــو مێشـــکی منـــداڵ. چونکـــە جگـــە لەروونکردنـــەوەی بابەتـــەکان، ئـــەو فیلمانـــە چێژێکیـــش بـــە منـــداڵ دەبەخشـــن و دەبێتـــە فاکتەرێکـــی وروژاندنـــی عەقلـــی و دەروونـــی.

ئامرازەکانـــی فێربـــوون و پـــەروەردە بەقـــەد فیلـــم ناتوانـــن ئامانجـــەکان بپێکـــن، بۆیـــە هەمیشـــە لـــە زانکـــۆو پەیمانـــگاو قوتابخانـــەکان، بـــۆ بەرچاوڕوونـــی و تێگەیشـــتن لەکرۆکـــی بابەتـــەکان، پەنـــا دەبردرێتـــە بـــەر نمایـــش کردنـــی فیلمـــی ئەنیمێشـــن، بـــە تایبـــەت بـــۆ منـــداڵان .

بەتایبـــەت لەوانـــە زانســـتیەکاندا وەکـــۆ وێناکردنـــی جوڵـــەی مۆلیکـــول و ئەتۆمەکانـــی مـــاددە، کارلێکـــی کیمیایـــی، دابەشـــبوونی خانـــەکان و پرۆســـەکان.

**بابەتی پەروەردەیی:**

فیلمـــی ئەنیمێشـــن بەهێزتریـــن ئامرازێکـــە لەلایەنـــی

پەروەردەیی لەچەندین قۆناغی تەمەنی منداڵدا، لەبەر ئەوەی فیلم نزیکترین ڕێگەیە کە منداڵ بێ ئەوەی لە کاتی گوێ گرتن تووشی بێزار بوون بێتەوە، نەتوانێ ئەو ئامانجە وەر بگرێ کە دەمانەوێت بیگەیەنین. وێڕای هەموو ئەمانەش دەبێت زۆر بە هەستیارییەوە کار پرسی پەروەردە بکەین، چونکە کار کردن لەگەڵ عەقلی منداڵ پێویستی بەهوشیاری و زیرەکییەکی زۆر هەیە. بەتایبەت لەڕووی چۆنیەتی کار کردن و ئەو ئامرازانەی لە ڕووی پەروەردەوە بەکاریان دێنین، لەوانەش فیلم.

چونکە هەموو فیلمەکان وەك پێویست خزمەت بەباری پەروەردە ناکەن، چونکە ڕاستە کە فیلم سەرنج ڕاکێشە، بەڵام تا چ ئاستێك ئامانجەکان دەپێکێنن؟

**بابەتی سۆزداری:**

زۆرێك لەفیلمە ئەنیمەیشنەکان چیرۆکی خۆشەویستی و ڕۆمانسیەت لەخۆدەگرن، تەنانەت لە نێوان سەگ و پشیلە و ئاژەڵەکانی دیکەشدا.

ئایا لەو بەرنامانەدا پشیلەمان نەبینیوە لە بەرزترین ئاستی ڕەنگینییدا، بەبرژانگێکی درێژ و چاوی شین کاڵ و پاژنە بەرزەوە ڕازاوەتەوە بۆ دزینی دڵی پشیلەکە، جگە لەگرنگیدان بە نیشاندانی وێنەی شەڕکردن بۆ مێینەکە و ئاڵوگۆڕی ماچ.

زۆربەی ئەم بەرنامانەی ئاراستەی منداڵان دەکرێت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا

یەکەم: ئەو فیلمانەی بەزمانی بیانی نیشان دەدرێن،

منداڵ تەنها لەڕێگەی وێنەوە فێری ناوەڕۆکەکەی دەکەن، بە چاوی خۆیان دەبینن کە ململانێی نێوان دوو کەس لەسەر ژنێکە، ئەو دووانە پەیوەندییەکی سۆزدارییان لەگەڵیدا هەیە، ئەویش یەکێکیانی پێ باشترە.
پاشان فیلمێکی دیکەی وەك (تۆم و جێری) دێت کە بێ گومان نمایشێکی خۆش و پڕلە سەرگەرمییە، لەسەر بنەمایەکی پەروەردەیی، پشت بەگاڵتەجاڕی دەبەستێت.
هەردوو کارەکتەری نمایشەکە گەرەنتی ڕق و کینە بەرامبەر بەیەکتری دەدەن، ئامانجیان تۆڵەسەندنەوەیە لەیەکترو ئیدی ململانێکانی بێکۆتان لەسەر بنەمای فێڵ و فێڵ و فێڵ و فێڵ و بەم شێوەیە بیرۆکەکان دەگەیەندرێتە منداڵ.
کاتێك منداڵ بە بەردەوامی و دووبارە و سێ بارە سەیری کاریکاتێرەکان دەکات.
ئەگەر منداڵ لەو کاتەدا هەندێ یاری لەکارتۆنەکاندا بینی، وەك میکی ماوس، هەوڵی لاسایی کردنەوەی هەمان ڕۆڵی کارەکتەر و جل و بەرگ و کەرەستە دەکاتەوە، وەك سوپەرمان و جلەکانی، یان کچانی گەنج، زۆر حەز بە کڕینی جل و بەرگی بووکەڵە و جل و بەرگ و ئامێر دەکەن.

**بابەتی کات بەسەربردن:**

بەر لەهەموو شتێ گرنگە بپرسین ئاخۆ بۆچی منداڵان سەیری فیلمی ئەنیمەیشن دەکەن؟
بێ شك کۆمەڵێ فاکتەر هەن:

هۆکارێکی ڕوون هەیە، ئەویش دەستەبەر بوونی چێژێکە، لەئەنجامی ئەو کات بەسەربردنەی فیلمەکان دابینی دەکەن، منداڵەکە بۆ ماوەیەك دەکەوێتە ژێر کاریگەری کەشوهەوای خەیاڵی چیرۆکەکە.

هەر لەژێر تەوژمی ئەو کارلێکە، دەبینین چۆن منداڵانی نەوەی ڕابردوو لەنێوان دارەکاندا باز دەدەن و هاوار دەکەن، لاسایی هاوارەکانی تارزان دەکەنەوە، ئەمڕۆش وەك پاڵەوانی "زۆرۆ" هێمای "ز" لەسەر دیوارەکە دەکێشن.

یان ڕەنگە یەکێکیان سواری ئەسپێکی خەیاڵی بێت و وەك ئەو کاوبۆیانەی لە کارتۆنەکاندا دەیبینێت، لێرە و لەوێ باز بدەن، یان ئەوان پەڕۆی سوور لەبەر دەکەن و لە قەنەفەکە باز دەدەن، تەقلیدی سوپەرمان دەکەنەوە.

لەئەنجامدا: هەرچەندە ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە لایەنی تەکنیکی و سەرگەرمی و سەرنج ڕاکێشن بۆ منداڵ،سەرەڕای ئەوەش، ئەو وردە خاڵە نەرێنیانەیان لێ دەبیندرێت کە لەڕوانگەی پەروەردەییەوە، ئاراستەکان بەئاقارێکی نەرێنی دا دەبەن.

بۆیە گرنگە دایکو باوك ئاگایان لەوە بێت بزانن منداڵەکانیان تەماشای چ فیلمێك دەکەن.

**بابەتی خەیاڵی**

چیرۆك بەشێکی گرنگە لەژیانیاندا، چونکە چیرۆك منداڵ پەلکێشی دنیایەکی تری پڕ لە فانتازیا دەکات، بۆیە زۆر لەمنداڵان وا ڕاهاتوون، دایکیان یان نەنکیان، چیرۆکی

خۆشی ئەفسانەییان بۆ بگێڕنەوە، تا بە ئارامی بخەون.
سیناریۆ نووسان بۆ دروست کردنی فیلمی منداڵان، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن، فیلمەکان لە ژیانی واقیعی دوور کەنەوەو کەشو هەوایەکی ئەفسانەیی بۆ منداڵ دروست کەن.
چونکە کاتێك منداڵ هەست بەهەقیقەت دەکات، کە بتوانیت ئەو جیهانەی بۆ فەراهەم بکەیت کە خەونی پێوە دەبینیت.
جیهانی منداڵ جیهانێکی جیاوازترە لەجیهانی گەورەکان، کێشەی هەرە گەورەش لەوە دایە، کە ئێمە ماف بەمنداڵ نادەین بۆ خۆی ئەو جیهانە دروست کات کە خواستیەتی، بەچەندین شێواز لەمپەر لەبەردەم حەزەکانیدا دادەنێین، دەمانەوێت وەك گەورەکان بژین، وەك گەورەکان بیرکەنەوە.
بۆیە هەرگیز لەکۆمەڵگایەکی دوا کەوتوودا ناتوانین سیستەمێك بۆ ئەو کولتووره سەقەته دابنێین کە دێر زەمانێکە کۆمەڵگا قەدی پێوە گرتووە.
ئەم سیستەمەی پەروەردە، هەر تەنها کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەمرۆی منداڵدا دروست ناکات، بگرە نەوەکانی دابێ گەورەترین باجی بۆ دەدەن.

## ١٠ كورتە فيلمى ئەنيمێشنى ديارو جياواز لەسينەماى عيراقى دا

نووسـەرو ڕەخنگـرى بـوارى سـينەما (پشـتيوان عەبدوڵـڵا) لـە رۆژنامەى(دەسـتوور) ى عيراقـى دا وتارێكـى دەربـارەى ١٠ كورتــە فيلمــى ئەنيمێشــن لــە عيــراق و هەرێمــى كوردســتان بـڵاو كردۆتـەوە، كـە لـە پێنج سـاڵى رابـووردوودا لـە پێشـەوەى كورتـە فيلمـە ئەنيمێشـنەكان دابوونـە، لەوانە: لـە پێنـج سـاڵى ڕابـردوودا ژمارەيـەكـى بەرچـاو لـە كورتـە فيلمــى ئەنيمەيشــنى عێراقيــان بينيــوە، كــە بەهــەوڵ و كۆششــى تاكەكەسـى عێراقـى دروسـتكراون، وێـڕاى ئـەو توانــا تەكنيكيــە كەمــەى هەيــە.

دەتوانيــن بڵێيــن فيلمــەكان تاڕادەيــەك گەشــەكردنيان لەبــوارى هزريــدا پێــوە ديــارەو ڕەوتێكــى هونەريــى جوانكارييشــان هەبــوو.

هــەروا چەنــد بەرهەمێكــى ديكــەى بــاش و جــوان و قبوڵكراويشــان بينــى.

بــەڵام وەك بينــەر و شــارەزايەكى بــوارى كورتــە فيلمــى ئەنيمەيشــن، جوانتريــن يان ديارتريــن ١٠ فيلمى ئەنيمەيشــنى



عێراقیـم بینـی کـه مـن لێـرەدا بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بۆتانـی دەسـت نیشـان دەکـەم.
بێگومـان ئەمـەی دەیڵێـم تەنیا گوزارشـت کردنـە لەبۆچوونی تایبەتـی خـۆم و گوزارشـت لە ڕای خـۆم دەکا:
١- فیلمـی (دیـوار) دەرهێنانـی (عەلی هاشـم) و بەرهەمهێنانی کۆمپانیای NAC
ئـەو تەنیـا هـەر لەبیرۆکـەدا جـوان نەبـوو، سـەبارەت بەخۆشویسـتنی سروشـت و هەوڵـدان بـۆ بەرگریکـردن لێـی، چونکـە زۆرێـك لەدیـوارەکان هـەوڵ دەدەن مرۆڤ وسروشـت و جوانییەکـەی لێـك دابڕێنـن..
بـەڵام ئـەو تەکنیکـە گرافیکیەی لـە فیلمەکـەدا بەکارهاتووە، کـە بریتییـە لەکـۆلاج و تێکەڵکردنـی وێنـەی سروشـتی لەگـەڵ وێنەکێشـانی جۆراوجـۆر، کوالیتێکـی بـەرزی نییـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا فیلمەکـە وەك یەکێـك لەفیلمـە ئەنیمەیشـنە گرنـگ و جوانـەکان دەمێنێتـەوە.
٢- (فریشـتە) دەرهێنانـی (خالـد ئەلبەیاتـی) بەرهەمهێنانـی

کۆمپانیای NAC
فیلمێکە تەکنەلۆژیایەکی باش و گرافیك و جووڵەیەکی سەرنجڕاکێش و هونەری هەیە.
باس لەململانێ تاڵەکەی نێوان هێزەکانی خراپەکاری دەکات، سەرکەوتنی بێتاوانی و عەقڵیەتی چاکەخوازی تێیدایە، فیلمێکی گرنگەو لەچەندین فێستیڤاڵدا بەشداری کردووە و خەڵاتی بەدەستهێناوە.
٣- (من) دەرهێنانی (ئودەی عەبدولکازم) بەرهەمهێنانی کەناڵە مانگی دەستکردەکانی کەربەلا فیلمێکی ئەنیمەیشنی پیشەییە، لەڕووی گرافیك دیزاین و فەزا و ئەنیمەیشنك والیتی بەرزە، فیلمێکی کۆمیدیە، چەندین پارادۆکس و ڕووداوی تێدایە لەلایەن دوو هاوڕێیەوە.
٤- (.ئیلان) دەرهێنانی جوبرائیل ئەبوبەکر، بەرهەمی هەرێمی کوردستانە
فیلمێکی ئەنیمەیشنی بەناوبانگە، بەشداری زیاتر لە ٦٠ فێستیڤاڵی جیهانی کردووە. قسەکردنە لەسەر منداڵە کوردێکی خنکاو، کە بەدەم لەڕێگەوە باس لەتیرۆر و ترسناکییەکانی شەڕ و ئازارەکانی مرۆڤ دەکات.
لەبیرۆکەو وێنە کێشراوەکانی فیلمێکی جوانە، هەرکەسێك ببینێ، هاوسۆزیەکی لەگەڵدا پەیدا دەکات، فیلمەکە زیاتر لە ٢٠ خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە.
٥- فیلمی (چاو) دەرهێنانی (ئەنەس ئەلموسەوی) بەرهەمهێنانی دەروازەی زێڕین.
لەفیلمەکەدا دەرهێنەر (ئەنەس) ستایلی تایبەتی خۆی

لەبــواری دیزایــن و گرافیــك و ئەنیمەیشــن پەرەپێــداوە.
یەکێــك لەفیلمــە جوانەکانــەو بــاس لەکەســێکی تایبــەت دەکات کــە لەنێــو کۆمەڵــگادا تایبەتــە، چونکــە ڕەنگــی چاوەکانــی جیــاوازە لــە بینینــی، بــەڵام کاتێــك بەهــۆی ڕەنگی چاوەکانیــەوە دەبێتــە پاڵــەوان، دەگۆڕێــت بــۆ پاڵەوانێکــی فۆلکلــۆری خۆشەویســت.
فیلمێکــی نایابــە، بــەڵام ســەرکەوتوو نەبــوو لەبەدەســتهێنانی ئێکســپۆزەر و مارکێتینگێکــی بــاش.
٦- (ڕۆلێتــی ڕووســی) دەرهێنانــی (ئەنــەس ئەلموســەوی)
بەرهەمهێنانــی دەروازەی زێڕیــن
ترۆپکــی پێشــکەوتنی هــزری و تەکنیکــی دەرهێنــەر (ئەنەس ئەلموســەوی) یــە، فیلمێکــی تاکــە لەخســتنەڕوو چارەســەری درامی.
یەکێــك لــەو فیلمــە ئەنیمەیشــنە گرنگەکانــەی خەڵاتــی بەدەســتهێنا.
بــاس لــە یــاری مــردن و ژیــان دەکات، لەڕێگــەی یارییــە کوشــندەکەی ڕۆلێتــی ڕووســیەوە، بــەڵام بــە خســتنەڕوو چارەســەری هــزری.
٧- (شەوی مێلۆدی. ئاوازی نیوەشەو)
دەرهێنانــی (کایهــان ئەنــوەر) بەرهەمهێنانــی هەرێمــی کوردســتان
فیلمێکــی ئەنیمەیشــنی زۆر گرنگــە، پێشــتر بەدەگمــەن بیــنراوە.
بە کوالێتی بەرز و تەکنەلۆژیای تەکنیکی دروستکراوە.

باس لە ترسناکییەکانی شەڕو قوربانیانی مین و تیرۆر دەکات.
فیلمەکە بەشداری زۆرێک لەفێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی کردووە و چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.
بەڵام بەداخەوە کاتێک فیلمەکە دواجار بەشداری فێستیڤاڵێکی فیلمی لەئەڵمانیا کرد. بە ئامادەبوونی دەرهێنەری گەنج کەیهان. پاشان دەبێتە قوربانی تیرۆر و لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە کوژرا.
٨- فیلمی (خەرەند) دەرهێنانی سامی کاکە، بەرهەمی هەرێمی کوردستان، جێبەجێکردنی هونەری لەلایەن ناس میدیا
فیلمێکی زۆر جیاوازە لەنێوان هەموو ئەو فیلمە ئەنیمەیشنە عێراقیانەی کە بەرهەم هێنراون. بەکاری دەستی هونەری کوالێتی بەرز دروستکراوە.
وێنەکێشان و وێنەکان زۆر جیاوازن و ڕەهەندی هونەری بەرزیان هەیە، جگە لەبیرۆکەی فیلمەکە کە باس لەکۆچبەری و جێهێشتنی نیشتمان بۆ دەربازبوون لەشەڕەکان و کوشتنی خەونێکی جوانی منداڵی.
سەرلێشێواوی و دڵشکان بۆ نیشتمان دوای ڕۆشتن.. فیلمێکی زۆر نایابە بەشداری لە ٥٠ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا کرد و چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا.
٩- (فڕی) دەرهێنانی سامی کاکە، بەرهەمی هەرێمی کوردستانە
جێبەجێکردنی تەکنیکی لەلایەن کۆمپانیای گۆڵدن

گەیتـــەوە کـــراوە.
فیلمێـــك کـــە بـــە تەکنەلۆژیـــای بـــەرز دروســـتکراوە بـــاس لـــە کەسـێك دەکات کـــە لـــە زینداننـــدا سـزای لەسـێدارەدانی بەسـەردا سـەپێنراوە، بـەڵام ئـەم کەسـە ژیانـی خۆشـدەوێت و لەڕێگـــەی وێنەکێشـــانی لەســـەر دیـــواری زیندانـــەوە زیندانەکـەی دەکاتـە ژیانێکـی جـوان. وەك مرۆڤێکـی ئـازاد لـــە جیهانێکـــی جـــوان و ئاوەدانـــدا دەژی.
١٠- فیلمـــی (جوانتریـنـــی هەیـــە) دەرهێنانـــی (حەســـەنین ئەلحانـــی) بەشـــێوەیەکی هونـــەری لەلایـــەن کۆمپانیـــای (گۆڵـــدن گەیـــت)ەوە جێبەجـــێ کـــراوە
فیلمێکـــی زۆر تایبەتـــە، لەهەمـــوو ڕوویەکـــەوە نـــا، پێـــش هەمـــوو شـــتێك لەگـــەڵ هاوتاکانیـــدا بـــە فیلمێکـــی درێـــژ دادەنرێـــت.
فیلمێـــك ١٠ خولـــەك دەخایەنێـــت، فیلمەکانـــی تـــر ٣ بـــۆ ٥ خولـــەك دەخایەنێـــت.
لـەڕووی بابـەت و بیرۆکـەوە، خاوەنـی سـیمایەکی فیکـری و فەلسـەفییە کـە بـۆ هەمـووان ئەسـتەمە تێبگـەن. فیلمێـك بـــە چەندیـــن دیـــدگا و لێکدانـــەوە. لـــە ڕووی گرافیـــك و دیزاینیشـەوە جیـاوازە. یەکێـك لـە فیلمـە گرنـگ و دیارەکانە. بـاس لەململانێـی فیکـری و فەلسـەفی نێـوان مـرۆڤ و مردن دەکات فیلمێکـە ڕۆڵێکـی گرنگـی دەبێـت لە فێسـتیڤاڵەکاندا و چەندیـن خەڵاتـی بەدەسـت دەهێنێت.

# فیلمە ئەنیمێشنە دۆبلاژکراوەکان

**لە بەرئەوەی بۆشاییەکی بەرفرەوان هەیە لەبەرهەمهێنانی فیلمی ئەنیمێشنی کوردی، لە بەر چەند هۆکارێك لەوانە:**

١.کەم ئەزموونی لەبواری دروست کردنی وێنەی ئەنیمیشن .

٢. نەبوونی ستۆدیۆی تۆمار کردن وەك پێویست

٣. قەیرانی ئەکتەرە ی تایبەت بەدەنگی کاریکاتێری.

٤. نەبوونی نووسەری تایبەت بەسیناریۆ .

٥. دەرهێنەری تایبەت بەفیلمی ئەنیمێشن .

٦. گرانی خەرجیەکانی بەرهەم هێنان.

هەموو ئەو فاکتەرانەو زۆری تریش کیشەو ئاریشای زەقن لەبەردەم بەرهەم هێنانی فیلمی ئەنمیێشنی کوردی، بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی گونجاوو بێبەش نەبوونی منداڵ و بینەری کورد، ئێستاکە بەگشتی کۆمپانیاو کەناڵە تەلەفزیۆنەکان کاری دۆبلاژ بۆ زمانی کور دی ئەنجام دەدەن، فیستیڤاڵی تایبەت بەفیلمی ئەنیمێشن ساز دەکەن، ئەمە وای کردووە، بەشێك لە پێویستیەکانی بینەر دابین بکرێت و قەیرانی بەرهەمهێنانی فیلمی ئەنیمێشن سووك بکرێت..

زۆرن ئەو فیلمانەی کە دۆبلاژی کوردییان بۆ کراوە، یان لەفیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەکانی ئەنیمێشن نمایش کراون.

# مێژووی ئەنیمێشن

مێــژووی ئەنیمەیشــن زۆر پێــش پەرەســەندنی ســینەما دەســتی پێکــردووە.
ڕەنگــە لەســەردەمی ئادەمیزادەکانــی چاخــی بەردیــن، هەوڵــی وێناکردنــی جوڵەیــان داوە.
زۆر دواتــر، شــانۆنامەی (ســێبەر و فانووســی ســیحراوی) لەدەوروبــەری ســاڵی ١٦٥٦ نمایــش کــراوە، کەبەهــۆی بەکارهێنانــی دەســت، یاخــود بەمیکانیزمێکــی ســادە دەجــوولان. (سترۆبۆســکۆپ) کــە بنەماکانــی ئەنیمەیشــنی مۆدێرنــی پــێ ناســاندین دوای دەیــان ســاڵ لــە ســاڵانی نێــوان ١٨٩٥ بــۆ ١٩٢٠ ڕێگەیەکــی بــۆ جولاندنــی وێنــە خۆشــکرد.
لەســەردەمی ســەرهەڵدانی پیشەســازی فیلمــی جــولاودا، چەندیــن تەکنیکــە جیاوازەکانــی ئەنیمەیشــن پەرەیــان پێــدرا.
لەوانــە جووڵــەی وەســتان، بوکەڵەســازی، گڵمکــردن و ئەنیمەیشــنی بڕیــن، ئەنیمەیشــنی (بــۆری کێــشراو) فۆرمێکــی دیــارو بەرچــاوی ســەدەی بیســتەم بــوو.
بــەڵام ئەوەتــا ئەمــڕۆ، ئەنیمەیشــنی کۆمپیوتــەرو تەکنەلۆژیــای ئەنیمەیشــن هەیــە (لــە کاتێکــدا ئەنیمەیشــنی ژاپۆنــی و ئەنیمەیشــنی ئەوروپیــش هێشــتا هــەر بەناوبانگن.
یەکــەم فیلمــی جــولاو کــە لەســەر کۆمپیوتەرێــك بەبــێ کامێــرای ڤیدیۆیــی بەرهــەم هێــنرا، فیلمــی Rescuers: Mission Underground (١٩٩٠) بــوو.

# ئەنیمێشنی ژاپۆنی

دەتوانیـن بڵێیـن سـەرەتای ڕاسـتەقینەی هەڵدانـی هونـەری ئەنیمەیشـن لـە سـاڵی ١٨٦٨ی زایینـی بـووە، ئـەو کاتـە بـە تەکنیکێـك دەسـتی پێکـردووە بەنـاوی (فلیـپ بـووك) کـە جۆرێکـی سـادەی ئەنیمەیشـنە، بەپیشـاندانی وێنـەی کاغـەزی یـەك لـە دوای یـەك و خێـرا، بـۆ ئـەوەی هاوشـێوەی زنجیـرە وێنەیەکـی یـەك لـە دوای یـەك بجولێندرێـن و بـە جولانـەوەی خێرایـان، فیلمەکـە دروسـت بێـت.

ئـەم تەکنیکـە لـە ئەیلوولـی سـاڵی ١٨٦٨ی زایینـی لەلایەن (جـۆن بارنـز)ی بەریتانـی پـەرەی پێـدراوەو بـووە باوتریـن شـێواز لـەو سـەردەمەدا.

ئـەم تەکنیکـە بـە کتێبـی جووڵە یـان کتێبـی پەنجـەی گەورە نـاسراوە و لـەو ماوەیەدا بـۆ ماوەیەکـی زۆر بەکارهاتووە.

کاتێـك کۆمپانیـای (واڵـت دیزنـی) لەسـاڵی ١٩٢٣ی زایینـی دامـەزرا، کـە بـە یەکێـك لـە گەورەتریـن کۆمپانیاکانـی میدیـا و کات بەسـەربردن لـە جیهانـدا دادەنرێـت لە ئێسـتادا، گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی لەجیهانـی ئەنیمەیشـندا ڕوویـدا، بـەو پێیـەی یەکـەم دەسـت پێشـخەری فیلمێکـی کارتۆنـی داهێنـا.

هـەر لەوسـاڵەدا ئەنیمەیشـنێکی بێدەنـگ دەرچـوو بـە نـاوی( ئەلیـس).

دواتـر لەسـاڵی ١٩٢٨ی زایینـی فیلمـی (میکـی مـاوس) و

(سـەمفۆنیایەکی کۆمیـدی) پێشـکەش کـرد.
لـەو ئـان و سـاتەدا، دەق لەسـاڵی ١٩١٧ەوە ژاپـۆن هەوڵـی دەدا جیاوازیەکـی نـوێ لەجیهانـی ئەنیمێـدا دروسـت بکات، بـەڵام هەمـوو جارێـك بەهـۆی بارودۆخـی شـەڕو گرانـی خەرجیـەکان، شکسـتی هێنـا.
تـا (هێرۆشـی ئـۆکاوار) سـەرۆکی کۆمپانیـای (تـۆی) دیزاینـی سـتۆدیۆیەکی مۆدێرنـی دروسـت کـردو نـاوی نـا (کۆمپانیـای ئەنیمەیشـنی تـۆی) و کارمەندێکـی زۆری بـۆ دامەزرانـد و ئامـادەکاری و ڕاهێنانـی پێکـردن.
ئەوانـەی ئـەم کادیرانەیـان ڕاهێنـا دوو زەبەلاحـی وەك (یاسـوجی مـۆری) و(هـارا ئاکـی دایکـۆ) بـوون، تـا ئـەو کاتـەی بناغـەی ئەنیمـەی ژاپۆنیـان گەیانـدە ئەوناوبانگـەی ئەمـڕۆ.
بۆیـە کاتێکیـش بـاس لـە جیهانـی ئەنیمەیشـنی ژاپۆنـی دەکەیـن، پێویسـتە باسـی باوکـی گـەورەی ئەم بـوارە بکەین، نووسـەر و دەرهێنـەری فیلمـی (هایـاو میازاکـی) بکەیـن، کە بەرهەمەکانـی زیاتـر لـە هەمـوو فیلمەکانـی تـر کاردانـەوەی نێودەوڵەتییـان هەبـووە، بەتایبەتـی دوای هاوبەشـی کردنـی لەگـەڵ کۆمپانیـای واڵـت دیزنـی.
(میازاکـی) لەچەنـد سـتۆدیۆیەکدا دەسـتی بـەکاری دەرهێنـان کـرد، تـا سـاڵی ١٩٧٨ی زایینـی زنجیـرە کارتۆنـی بەناوبانگی(عەدنـان و لینـا) ی بەرهـەم هێنـا.
دوای ئـەوە دیسـان هـەر (میازاکـی) کۆمپانیایەکـی تایبەتـی تـری دامەزرانـد و نـاوی لێنـا (سـتۆدیۆ غیبلـی).

ئــەم ســتۆدیۆیە ناوبانگێکــی زۆری بەدەســتهێنا، بەهــۆی کارو بەرهەمــە نایابەکانــی کــە بــە ســادەیی و گرنگیــدان بــە مــرۆڤ و تێکەڵکردنــی سروشــت لەگــەڵ تەکنەلۆژیــا، ناوبانگەکــەی زیاتــر و زیاتــر بــوو، دوای ئــەو هەمــوو داهێنانــە، ســاڵی ٢٠٠١ خەڵاتــی ئۆســکاری بــۆ باشــترین فیلمــی ئەنیمەیشــنی ( Spirited Away ) بــە دەســت هێنــا، کــە بەیەکێــك لەباشــترین بەرهەمەکانــی دادەنرێــت.

لــە حەفتاکانــی ســەدەی ڕابردووشــدا، بــۆ یەکەمجــار ئەنیمەیشــنی کۆمپیوتەریــی لەفیلمەکانیــدا دەرکــەوت، ئەمــەش بەرهەمهێنانــی فیلمــی ئەنیمێشــنی زۆر ئاســانتر کــردو لــەو فۆرمــە تەقلیــەی جــاران رزگاری بــوو، بــە تایبەت لــەرووی کــەم کردنــەوەی کات و دروســت کردنــی وێنــە.

## جیاوازی فیلمی کارتۆن لە گەڵ ئەنیمێشن چیە؟

لـەو ماوەیـەدا چەنـد برادەرێـك دەربـارەی ئـەو جـۆرە فیلمـە پرسـیاریان لـێ کـردم، یەکـێ لەپرسـیارەکانیش ئەوەبـوو ئایـا فیلمـی ئەنیمێشـن چ جیاوازییەکـی لەگـەڵ فیلمـی کارتـۆن هەیـە؟ جیاوازییـەکان چیـن ؟
منیـش کورتـەی وەڵامەکانـم خسـتە تـوێ ی ئـەو وتـارە دەربـارەی فیلمـی ئەنیمێشـن .
( ئەنمـی ـ وشـەیەکی ژاپۆنیـە و کـورت کـراوەی وشـەی ئەنیمێشـنی ئینگلیزیـە، نازناوێکـە تایبـەت بەوێنـەی جولاوی ژاپۆنـی، ناوێکـی تریشـی هەیـە ( Japanimation ) بـەڵام زۆرینـەی خەڵکـی بایـەخ بەوەیـان نـادا، بەڵکـو نازنـاوی (ئەنیمێشـن) باوتریـن نازنـاوە بـۆ ئـەم جـۆرە فیلمانـە .
یەکـەم فیلمـی بازرگانـی (ئەنمـی) دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩١٧، لـە دەرهێنانـی (ئۆسـامۆ)ی دەرهێنـەری ژاپۆنـی، دواتـر هـەر ئـەو دەرهێنـەرە پـەرەی بـە فۆرمـی (دیزنـی) دا و چەنـد فیلمێکـی بەخەرجیەکـی کەمـتر لەجـاران بەبەرهـەم هێنـا.
لەسـاڵانی شەسـتەکاندا بەهـۆی کارەکانی دەرهێنەر(ئۆسـامۆ

تیزیــکا) ئــەو جــۆرە فیلمانــە زیاتــر گەشــەیان ســەند، تــا لەســەدەی بیســت و یەکــەم دا فیلمــی ئەنیمێشــن بــوو بەهونەرێکــی جیهانیــی، لــە رێگــەی بــڵاو بوونــەوەی ئــەو فیلمانــە لەتەلەفزیــۆن و ســینەما، یاخــود لەشــێوەی بــڵاو کردنــەوەی دی ڤــی دی و بلــو رای، یاخــود نمایــش کردنیــان لەئینتەرنێــت.

ئێســتا زێــتر لــە ٤٣٠ ســتۆدیۆ ی بەرهــەم هێنانــی فیلمــی ئەنیمێشــن هەیــە، دیارترینیــان ســتۆدیۆی (گیبلــی و تــوی ئەنیمێشــنن).

ژاپــۆن خاوەنــی گەورەتریــن ســەرچاوەی داهاتــی فیلمــی ئەنیمێشــنە لەجیهانــدا، بەتایبــەت دوای دەرکەوتنــی زنجیــرە ئەنیمێشــنی تەلەفزیۆنــی و دەبلەجــە کردنیــان بــۆ چەندیــن زمانــی جیهانیــی، ئەوەتــا ســاڵی ٢٠٠١ فیلمــی (ڕفێنــدراو) لەدەرهێنانــی( هایــاو میازاکــی) گەورەتریــن داهاتــی بــە دەســت هێنــا لەمێــژووی ســینەمای ژاپۆنــی کــە داهاتەکــەی لەداهاتــی فیلمــی تایتانیکــی تێپەڕانــد، ئێســتا وای لێهاتــووە لەکــۆی گشــتی فیلمــە ژاپۆنیەکانــدا ســەدا چلــی فیلمــی ئەنیمێشــنە.

یەکێــك لەفاکتــەرە هــەرە ســەرەکییەکانی دەرهێنانــی فیلمــی ئەنیمێشــن، ئــەو رووبــەڕوو بوونەوەیــەی نێــوان ئەمریــکاو ژاپــۆن بــوو، بــۆ دەرخســتنی باشــترێن شــێوازی بەرهــەم هێنانــی فیلــم.

جــاران کــە ئــەو ژمــارە زۆرەی کۆمپانیــای بەرهــەم هێنــان نەبــوون و ژمــارەو ئاســتی ئــەو فیلمانــە وەك ئێســتا نەبــوون،

باشترین و ناودارترین كۆمپانیا كۆمپانیای (دیزنی ) بوو، كە تایبەت بوو تەنها بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی كارتۆنی منداڵان، وەك فیلمی ئەنیمێشن نەبوو كە ئێستاكە هیچ سنوورێكی نیە بۆ تەمەن و هەموو كەسێك لەهەموو تەمەنێكا دەگرێتەوەو چۆتە نێو چوارچیوەیەكی نێو دەوڵەتی، وەك فیلمەكانی (بول و ناروتو، ون بیس، بلیتش، یاداشتی مردن و زۆرانی تر..

باوكی راستەقینەو داهێنەری ئەم جۆرە فیلمە نووسەرو دەرهێنەری ناسراو(ئوسامو بیتزیكا) یە، كە ساڵی ١٩٩٨ماڵئاوایی لە دنیادا كردووە، دیارترین بەرهەمەكانی فیلمی(شێری سپی) یە، كە فۆرمی كاركردنی جۆرە تایبەتمەندییەكی هەیە جیاوازە لەگەڵ فۆرمی دەرهێنەرەكانی تر.

## یەکەم فیلمی ئەنیمێشن لە مێژوودا کەی بووە و کێ دروستی کردووە؟



**ئیمیل کول ـــــ یەکەم دوست کەری فیلمی ئەنیمێشن لە مێژوودا**

لەچواردەی مانگی نیساندا، جیهانی سینەما یادی لەدایك بوونی دروستکەری یەکەمین فیلمی ئەنیمەیشنی لەمێژوودا (ئیمیلی کۆل) ی فەرەنسی کردەوە، کە ١٦٠ ساڵ لەمەوبەر لەپاریس لەدایك بووە و تا دوا ساڵی تەمەنیشی، کە ٧٩ ساڵە هەر لەوێ ژیاوە.
(ئیمێل کۆل) بە بەردەوامی ژیانی لەجووڵە دابووە، زۆرترین کاتەکانی تەمەنی لەنێوان چەندین پیشەی جیا جیادا بەسەر بردووە، هەر لەشاگردی زێڕینگەرییەوە تا دەگاتە کاریکاتێریستی ڕۆژنامەو فۆتۆگرافەر و نووسەر، تا دروست کردنی فیلمی ئەنیمەیشن.
**(ماڵپەڕی نێودەوڵەتی ڕادیۆی مۆنتی کارلۆ)**
یەکەمین فیلمی کۆل ناوی(فانتاسما گۆری) بوو، کە بۆ یەکەمین جار وەك یەکەم فیلمی ئەنیمەیشن لەمێژووی سینەمادا دادەنرێت و بۆ یەکەمجار ئەو فیلمەی لە ١٧ ی ئابی ١٩٠٨ لەشانۆی لەشجوانی لەپاریسی پایتەختی فەڕەنسا نمایشکرا.
ئەو فیلمە بوو بە یەکەم داهێنانی فیلمی ئەنیمێشن لە جیهاندا، ئیدی دوای ئەوداهێنانە گەورەیە، ئەنیمێشن، لە گەورەترین دەرگاکانیەوە، چووە ناو ڤیستیڤاڵە جیهانیەکانی سینەماو بوو بەسەرچاوە بۆ بە دەست هێنانی کەورترین داهاتەکانی سینەما لە جیهاندا.
(کۆل) یەکەم جاری بوو لەژیانیدا کورتە فیلمێکی ئەمریکی بەناوی (هۆتێلی جنۆکەکان)ی بینی، ئیدی

هـەر لـەو کاتـەدا هەسـتێکی زۆری لا دروسـت بـوو، بـۆ چۆنیەتـی دروسـت کردنـی فیلـم

کاتـێ ویسـتی فیلمێکـی دوو خولەکی دروسـت کات (ئیمیل کـۆل) پێویسـتی بـە نزیکـەی ٧٠٠ وێنـە هەبـوو، ئـەو کات ناچـاری ئەوەبـوو، تەکنیکـی پلێتـی شووشـەی رووناکـی بەکارهێنـا بـۆ پیشـاندانی وێنەکێشـانەکان بـە ڕەنگـی ڕەش لەسـەر کاغـەزی سـپی یەکێکیـان لەسـەر ئـەوی دیکـە، بـۆ فیلمێکـی ئەنیمەیشـن.

پاشـان فیلمـی (دەرهاویشـتوو)ی دروسـت کـرد، بـە بەکارهێنانـی گرافیـك بەهێڵـی سـپی لەسـەر پانتاییەکـی ڕەش.

فیلمەکانـی (ئیمیل کـۆل) و کاریگەرییەکـی یەکلاکەرەوەی هەبـوو لەسـەر پێشـەنگەکانی ئەنیمەیشـن و ئەسـتێرەکانی وەك (لیـن لـی، نۆرمـان ماکلارێـن، وینسـۆر، واڵـت دیزنـی.

ئیمیـل کۆلـ ـــ بـراوەی (لیجیۆنـی شـەرەف ) لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە یەکێـك لـە گەڕەکەکانـی پاریـس (ڤیـل یوڤـێ) بـە هـەژاری کۆچـی دوایـی کـرد.

بـەڵام هونـەری سـینەما، نزیکـەی هەشـتا سـاڵ دوای مردنـی، تـا ئێسـتاش دان بەسوپاسـگوزاری و کاریگەرییەکانیـدا دەنێـت، مێژوو هێشـتا بەپێشـەنگی پیشەسـازی ئەنیمەیشـنی دەزانێـت لـە مێـژوودا.

## پیشەسازی فیلمی ئەنیمێشن

پیشەسازی دروستکردنی فیلمی ئەنیمێشن لەهەموو بوارە هونەرییەکانیدا جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە و هونەرێکی سەربەخۆیە، ئەگەرچی لەرەچەڵەکدا و لە بیرۆکەی دروست کردنی دا سوودێکی زۆری لەفیلمی کارتۆنی وەرگرتووە، بەڵام بەپێی پێشووەچوونی تەکنەلۆژیاو گۆڕانکارییەکانی سەردەم و خواستەکانی پێشکەوتنی نویێ ی بەخۆیەوە بینیووە و تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە، بۆ نموونە سیناریۆ نووسی ئەنیمێشن پێویستی بەکەسانی پسپۆر هەیە بۆ داڕشتنی سیناریۆ. بۆدروست کردنی فیلمی ئەنیمێشن، دوای ئامادە کردنی سیناریۆ دەست دەکرێت بە ئامادەکردنی وێنەکان، کە رەگەزێکی گرنگی فیلمەکەیەو لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە ئەنجام دەدرێت کە تایبەتن بەدروست کردنی فیلمی ئەنیمێشن، وەك کۆمپانیای بایۆنیر و تەلەفزیۆنی تۆکیۆ لە ژاپۆن.ئێنجا وێنەکان دەگوازرێنەوە بۆ ئەو ستۆدیۆ تایبەتیانەی وێنەکان دەکەن بە فیلمی ئەنیمێشن بە

ئامادەبوونـــی ئەکتـــەرەکان.
کۆمپانیـا بـۆ بەرهـەم هێنانـی فیلمـەکان پەنـا بـۆ چەندیـن دیزاینـــەری پســـپۆر دەبـا کـە توانـــای دیزاییـــن کردنـــی دیمەنەکانیـان هەبێـت و تەکنیـککاری کارا بـن لـە بـواری تەکنەلۆژیـای دروسـت کردنـی وێنـە، ئینجـا هونەرکارەکانـی تـری وەك دەنـگ و کاریگەرییەکانـی دەنگـی دەخرێتە سـەر، بەهـۆی کۆمەڵـێ ئەکتـەری بەتوانـا کـە پسـپۆرن لەبـواری دەنـگ بـۆ فیلمـی ئەنیمێشـن .

**جۆرەکانی ئەنیمێشن :**

فیلمی ئەنیمێشن چەندین جۆری هەیە وەك:
فیلمـــی ئەکشـــن، فیلمـــی منـــداڵان، فیلمـــی کۆمیـــدی و تراژیـدی، فیلمـی سەرکێشـی تـرس و تونـدو تیـژی، فانتزیـا، رۆمانســـی،چەندین شـێوازی تـر.

**دەبلەجە کردنی فیلمەکان:**

زۆرینـــەی فیلمەکانـــی ئەنیمێشـــن دەبلەجـــە دەکرێـــن بـــۆ چەندیـــن زمانـــی جیهانـــی بـــۆ ئـــەوەی زۆرینـــەی گەلانـــی دنیـا سـوود لـەو فیلمانـە وەربگـرن، کـە ئێسـتا بۆتـە مـۆدەی ســـینەمای جیهانـــی، درك بـــەوە دەکرێـــت کـــە جـــاران زۆر لـە گەنجـەکان پێیـان وابـوو ئـەو فیلمانـە فیلمـی کارتۆنـن و تایبـــەت بـــە منداڵانـــن بـــۆ ئـــەوە ناشـــێن لـــە ســـینەمادا نمایـش بکرێـن، بـەڵام دوا تـر کـە فیلمەکانیـان بینـی، بـوون بەهـەواداری ئـەو فیلمانـەو رۆژ لـەدوای رۆژیـش ژمـارەی ئـەو بینەرانـە لـە زێـدە بـوون دایـە.
زۆر لـەو فیلمـە جیهانیانـە دوای ئـەوەی مافـی دەبلەجـە

کـردن وەردەگـرن، لەلایـەن چەندیـن کۆمپانیـای تایبـەت بەدەبلەجـەی جیهانـی کاری دەبلەجـە کردنیـان بـۆ زمانـە جیهانییـەکان بـۆ دەکرێـت، لەوانـەش کۆمپانیـای مانجـای ئەمریکـی، کۆمپانیـای ئایـدی فیلـم، بایۆنیـری ئەمریکـی، مانجـای بەریتانـی،

فیلمـی ئەنیمێشـن چ جیاوازییەکـی لەگـەڵ فیلمـی کارتۆنـی هە یە ؟

رەنگـە زۆر کـەس زانیـاری ئـەوەی لا نەبێـت کـە جیـاوازی نێـوان فیلمـی ئەنیمیشـن و فیلمـی کارتـۆن چیـە؟

راسـتیەکەی ئەوەیـە کـە ئەنیمێشـن وشـەیەکی ژاپۆنیـەو بـۆ ناسـاندنی وێنـە جـولاوەکان بـەکاردێ، لەسـەردەمی نـوێ دا فیلمـی ئەنیمێشـن بۆتـە خاوەنـی ناودارییەتێکـی بەرفـرەوان لەسـینەمای جیهانیـدا، زۆر لەفیلمـە ئەنیمێشـنە نـاوداره دۆبلاژکراوەکانـی وەك(عەدنـان و لینـە، سـالی ) و زۆرانـی تـر دەکـرێ نازنـاوی ئەنیمێشـنیان بـۆ دابنـدرێ، بـەڵام نازنـاوی (فیلمـی کارتـۆن) لـە ئەمریـکاو رۆژئـاوادا بـڵاوەو لـە رابـووردوودا رەواجێکـی زۆری هەبـووە، کۆنترین و دیارتریـن بەرهەمەکانـی فیلمـی کارتـۆن فیلمـی( میکـی مشـك ـ تـوم جیـری ـ کـە لـە کۆمپانیـای والـت دیزنـی) بەناوبانـگ بەرهـەم هاتـوون و زۆرینـەی منداڵانـی جیهـان هۆگـری ئـەو فیلمانـە بوونـە، تەنانـەت ئەگەرچـی هەنـدێ لـەو فیلمانـە بەهەمـوو زمانێـك دەبلەجـە نەکـراون، بـەڵام وێنـەکان بـەس بوونـە بـۆ ئـەوەی منـداڵان ببنـە ئاشـقی ئـەو فیلمـە کارتۆنیانـە.

بــەڵام ئــەو پرســیارەی کــە لای زۆر لــە خەڵکیــە ئەوەیــە ئاخــۆ جیاوازییەکانــی نێــوان فیلمــی ئەنیمیشــن و فیلمــی کارتــۆن لەکــوێ دایــە؟
بێگومــان ئــەو دوو هونــەرە لــە رەســەندا دەگەڕێنــەوە ســەر یــەك رەچەڵــەك و لەفۆرمــدا نزیکیەکــی زۆریــان هەیــە، بــەڵام دواتــر لــە هەنــدێ رووەوە لێــك جــودا دەبنــەوە، ئامانجیــش لــەو لێــك جــودا بوونەوەیــە ئەوەیــە کــە ئــەو هونــەرە لەگەیاندنــی ئامانجــدا بەرفرەوانــتر بکرێــت و مەودایەکــی دوور تــرو قوڵــتر بەخۆیــەوە هەڵگــرێ و لەسنوورێکی دیاری کــراودا گۆشــەگیر نەکرێــت .
بۆیــە ئەمڕۆکــە هــەر یــەك لــەوان فۆرمێکــی تایبەتــی خۆیــان هەیــە بــۆ وێنــە کێشــان، ئەوەتــا ژاپۆنیــەکان هەمیشــە وێنــەی چــاو بەگەورەیــی دەکێشــن، هــەوڵ دەدەن وێنــەکان لەشــێوەی واقیعــی نزیــك بکەنــەوە، بــە پێچەوانــەی فیلمــی کارتۆنــی ئەمریکــی کــە هــەوڵ دەدرێــت وێنــەکان بەشــێوەیەکی هەزەلــی بکێشرێــن.
دووەم: کارتۆنــی ئەمریکــی بەتایبــەت بــۆ منــداڵان بەرهــەم دێــت، بــەڵام ئەنمیشــنی ژاپۆنــی چەندیــن شــێوازی جــۆراو جــۆری درامــا دەگرێتــە خــۆی، کــە هەندێکیــان تایبەتــە بــە گــەورەکان و هەندێکــی دیکەیــان تایبەتــە بەمنــداڵان، بــەڵام بەگشــتی وەك فیلمــی کارتــۆن هونەرێکــی تەنهــا تایبــەت نیــە بــۆ منــداڵان .
زۆرینــەی فیلمــە ئەنمیشــنەکان ـ بــاس لەواقیــع دەکــەن، وەك زنجیرەیەکــی یــەك لــەدوای یــەك کاراکتــەرەکان

وچارەنووسییان بەسەر دەکەیتەوە، وەك ئەو رووداوانەی بەسەر مرۆڤ دادێن، بۆ نموونە لەکاتی رووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە، تەقینەوە، ئەنیمێشن بەهەمان ئەو ئەنجامانە کۆتایی دێ کە بەسەر مرۆڤ دا دێت .

لەفیلمی کارتۆندا رووداوەکان شتێکی ترن و بینەر دەخەنەوە ناو خەیاڵ و ئەفسانەو لەکاتی ئەو رووداوانەدا کاراکتەرەکانی پێدەکەنن، یا چارەنووسێکی خەیاڵیان پێ دەبەخشێت کە واقعی نەبن.

هەر بۆ نموونە لەرووداوەکانی (تۆم جیری) و ( میکی ماوس) زۆر جاران لەناو ئاگر دەیانبینی پێدەکەنن و لەواقیع دوور دەکەونەوە، یان وێنەیەکی نالۆژیکی نیشانی بینەر دەدەن، کە بڕوات پێیان نەبێ و دەچێتە پاڵ کۆمێدیایەکی کارتۆنی.

ئەمریکیەکان کاری زۆریان لە بەرهەم هێنانی هەندێ فیلمی ئەنیمێشن کردووە، وەك ساندریلاو سنوایت و تەڕەزان و چەندینی تر، بەڵام زۆرینەیان دەچنەوە سەر فیلمی کارتۆن، بەپێچەوانەی بەرهەمە ژاپۆنیەکان کە فیلمی ئەنیمێشنن.

ئەمریکیەکان پێیان وابووە کە ئەو فیلمە کارتۆنیانە تەنها بۆ کات بەسەر بردنن، بۆیە ئەو زنجیرە کارتۆنیانەیان پڕ کردووە لەدیمەنی کۆمێدی بەتایبەت ئەو دیمەنە کۆمێدیانەی سەرنجی منداڵان رادەکێشن، بەڵام ژاپۆنیەکان بەئاراستەیەکی تردا رۆیشتوون لەبەرهەم هێنانی فیلمی ئەنیمێشن و لەچوارچیوەی تەنها

کۆمێدیا دەرچووە و کۆمەڵێ ئامانجی دیکەی مرۆیی بە خۆیەوە هەڵگرتووە.

خۆ ژاپۆنیەکان تا دێر زەمانێک توانای بەرهەم هێنانی زنجیرەیان نەبووە، بەڵام بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لەبواری تەکنەلۆژیادا بەدەستیان هێناوە، توانیان بەهۆی فیلمی ئەنیمێشن سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنن و سەرمایەکی زۆری ئابووریش بەهۆی ئەو فیلمانەوە بەدەست بێنن.

ژاپۆن سینەمایەکی داهێنا کە لەرووی ئابوور یییەوە، وەك سینەما پارەیەکی ئەوتۆی تێ نەچێ، بەڵام هونەرێکی گەورە بیت و بازاڕێکی باشی بۆ پەیدا بکات، لەرووی خەرجی بەرهەم هێنانیش پێویستی بەو هەموو ئەکتەرو ئێکسسوارات و کارە هونەرییانە نەبێت کە سینەما دەیخوازێ، ئەم سیحرە تەکنەلۆژیایەی ژاپۆن بەشێوەیەك کاری بۆ کراوە، کە بەئاسانی بتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیف بۆ سینەمای داستانی و خۆ رزگار کردن لەخەرجیە زەبەللاحەکانی.

بۆیە دەتوانین بڵێین فیلمی ئەنیمێشن لەدایك بووی تەکنەلۆژیایەکی مۆدێرنە، هاوکوف لەگەڵ پێشکەوتنی عەولەمەو تەکنەلۆژیای سەردەمی نوێ.

لەبەر ئەوەی دەرکەوتووە کە فیلمی ئەنیمێشن جێگەی بایەخی گەلانەو بازاڕێکی باشیشی هەیە ئێستا لەسنووری ژاپۆن دەرچووەو زۆر لەوڵاتانی جیهان توانیوویانە سوود لەو داهێنانە نوێیەی سینەما وەرگرن

و کاری لەسەر بکەن.
دەرهێنەرو بەرهەم هێنەرانی سینەماو کۆمپانیا زەبەللاحەکانی سینەما بەتەنگ پەرەپێدانی فیلمی ئە نیمێشنن.
بۆیە ئێستاکە زۆربەی فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەکانی سینەما گۆشەی تایبەتیان لەو فیستیڤاڵانە بۆ فیلمی ئەنیمێشن تەرخان کردووەو خەڵاتی گران بەهای بۆ وەردەگیرێ، لەوانەش فیستیڤاڵی ئۆسکار، کان، کە ساڵانە خەڵات بە وفیلمانە دەبەخشن کە سەرکەوتن بەدەست دێنن.
هەروا چاوەڕوان دەکرێت بەهۆی پەرە پێدانی ئەنیمیشن، ئاوێتە بوونی ئامێر لەگەڵ نواندنی مرۆڤ دا هونەری ئەنیمێشن زۆر لەوەندە زێتر بەرەو پێش ببات، وەك ئێستا هەستی پێ دەکرێت.
ئەوەتا دیارترین گەورە ئەکتەرەکانی هۆلیۆد سەرقاڵی کار کردنن بەدەنگەکانیان لەفیلمی ئەنیمێشن، لەوانەش کان جونی، براد بیت، ئەنتۆنیۆ باندریاسۆ، ئەنجلینا جولی، سەلما حایك و زۆرانی تر.
وێڕای ئەوەی چەندین دەرهێنەری گەورەی ناوداری سینەما ئێستا روویان لەدەرهێنانی فیلمی ئەنیمێشن کردووە، لەوانە:ستیڤن سبیلبریگ، کە لەیەکەم ئەزموونی دا٢٢١ ملیۆن دۆلاری بە دەست هێنا.

# ئیمپراتۆریەتی دیزنی
# دروست کاری خەونی منالان لە جیهاندا
# والت دیزنی

بـۆ بەرهـەم هێنانـی فیلمـی ئەنیمێشـن چەندیـن کۆمپانیـای زەبەلـلاح هـەن لەجیهانـدا لەوانـە کۆمپانیـای والـت دیزنـی: کۆمپانیـای (والـت دیزنـی) کـە بەشـێوەیەکی گشـتی بـە (دیزنـی) نـاسراوە، یەکێکـە لەگەورەتریـن کۆمپانیاکانـی میدیـا و کات بەسـەربردن لەجیهانـدا.

کۆمپانیاکـە لـە ١٦ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٢٣ لەلایـەن برایـان (والـت و ڕۆی دیزنـی) وەك سـتۆدیۆیەکی ئەنیمەیشـن دامـەزراوە و بووەتـە یەکێـك لەگەورەتریـن سـتۆدیۆکانی هۆلیـوود،

خـاوەن یـان مۆڵەتـی یـازدە پارکـی گەشـتیاری و چەندیـن تـۆڕی تەلەفزیۆنـی وەك پەخشـی ئەمریکـی کۆمپانیـا (ABC) و ESPN

بـارەگای سـەرەکی کۆمپانیاکانـی دیزنـی و دامـەزراوە بەرهەمهێنانـی سـەرەتایی لەسـتۆدیۆکانی واڵـت دیزنـی لەشـاری (بێربانـك) لـە ویلایەتـی کالیفۆرنیایـە. واڵتـەر ئیلیا(واڵـت دیزنـی) (بـە ئینگلیـزی: واڵتـەر ئیلیـا (واڵـت»

دیزنـی بـازرگان، بەرهەمهێنـەر، دەرهێنـەر، سـیناریۆنووس و ئەنیمەیشــنی ئەمریکــی بــووە)
لە ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٠١ لەدایکبووە.
دیزنـی بەکەسـایەتییەکی سـەرەکی لەمێـژووی ئەنیمەیشـنی منـدالآن دادەنرێـت، هەروەهـا بـە ئایکۆنێکـی کولتــووری دادەنرێـت لـەم بـوارەدا.
بەهــۆی بەشــدارییە گرنگەکانــی لەپیشەسـازی کات بەســەربردن لەزۆربــەی ســەدەی بیســتەمدا، کــە بــە کارەکتەرەکانـی وەك (میکـی) بەناوبانـگ بـووە (مـاو س و بـاوت، ئـەو و براکـەی، ڕۆی و ئۆلیڤـەر دیزنـی، کۆمپانیـای واڵـت دیزنییـان وەك گـەورە کارگێڕانـی هۆلیـوود دامەزرانـد، کـە دواتـر بـوو بـە بەناوبانگتریـن کۆمپانیـای بەرهەمهێنـان لەبـواری ئەنیمەیشـن دادەنرێـت. میدیـا و کات بەسـەربردن لـە جیهانـدا، داهاتـی سـاڵانەیان دەیـان ملیـار دۆلارە.
ئــەم لیســتەی خــوارەوە فیلمــە درێــژە ئەنیمەیشــنەکان لەخۆدەگرێـت کـە لەلایـەن کۆمپانیـای واڵـت دیزنی سـتۆدیۆ ئینتەرتەینمەنتـەوە، بەشـی فیلمـی کۆمپانیـای واڵـت دیزنـی بەرهـەم هێـنراون.
واڵــت دیزنــی فیلمــەکان لەڕێگــەی هــەردوو ســتۆدیۆی ئەنیمەیشــنی خاوەندارێتــی دیزنــی و غەیــرە دیزنــی بڵاودەکاتــەوە.
زۆربــەی فیلمەکانــی نــاو لیســتەکە لەلایــەن ســتۆدیۆی ئەنیمەیشـنی واڵـت دیزنـی (کالیفۆرنیـا) بەرهـەم هێـنراون، کــە وەك بەشــی ئەنیمەیشــنی کۆمپانیــای واڵــت دیزنــی

پرۆداکشنز دەستیپێکردووە، کە یەکەم فیلمی ئەنیمەیشنی درێـژی بـە نـاوی (سـپی بەفـر وحـەوت کوێرەکـە) لەساڵی ١٩٣٧ بەرهەمهێنـاوە، و تـا سـاڵی٢٠٢٠ (٥٨) فیلمـی بەرهەمهێنـاوە.
سـەرەتای فیلـم( Toy Story لەسـاڵی ١٩٩٥، سـتۆدیۆی واڵـت دیزنـی چەندیـن فیلمـی لـە ڕێگـەی پیکسـارەوە بڵاوکردۆتـەوە.
لـە ٢٠ی ئـازاری ٢٠١٩، واڵـت دیزنـی سـتۆدیۆکانی (بلـو سـکای) کـڕی، لـە چوارچێـوەی کڕینـی کۆمپانیـای 21st Century Fox و ٢٠ th Fox Century Animation کـە وەك براندێـك لەنـاو ٢٠th Century Fox کاردەکات.
هەروەهـا سـتۆدیۆکانی تریـش وێنـەی جوڵاویـان بڵاوکردۆتـەوە.
ئەوانیـش یەکـەی ڤیدیۆ/فیلـم تیونـزی سـتۆدیۆی ئەنیمەیشـنی واڵـت دیزنـی
(ئێسـتا بـە سـتۆدیۆی دیزنیتـۆن نـاسراوە) و یەکـەی دابەشـکردن کـە مافـی بڵاوکردنـەوەی فیلمەکانـی سـتۆدیۆ ئەنیمەیشـنی دەرەوەی هەیـە وەك واڵـت دیزنـی پیکچـەرز، تاچسـتۆن پیکچـەرز، سـەدەی فۆکـس، یـان فیلمـی میراماکـس لەسـاڵی ١٩٩٦.
دواتـر سـتۆدیۆکانی واڵـت دیزنـی ڕێککەوتنێکـی لەگـەڵ (کۆمپانیـای تۆکۆمـا شـۆتن ) واژۆ کـرد، سـەبارەت بەمافـی دابەشـکردنی کارەکانـی فیلمـی (سـتۆدیۆ گیبلـی) لەسەرانسـەری جیهانـدا (بـەدەر لـە ئاسـیاو ژاپـۆن و تایـوان.

فیلمە کلاسیکیەکانی واڵت دیزن:
شوباتی ١٩٤٠
فانتازیا١٩٤٠
بامبی ١٩٤٢
جیهانێك کە تێیدا کاتێکی خۆش بەسەر بەریت، ١٩٤٧
کاتی مێلۆدیەکان، ١٩٤٨
سەندرێلا، ١٩٥٠
پیتەر پان ١٩٥٣
جوانی خەوتوو ١٩٥٩

مانگی تەمموز خۆشترین هەواڵی بۆ کۆمپانیای دیزنی پێ بوو، کاتێ گەورەترین کۆمپانیای میدیا و کات بەسەربردن لەجیهاندا، دوای ئەوەی زۆرترین قازانجی لەمێژووی خۆیدا بەدەستهێنا کە بەهاکەی ٧.٦٧ ملیار دۆلار بوو.

کۆمپانیاکە کە ساڵی ٢٠٢٣ یادی سەدەمین ساڵیادی دامەزراندنی کردەوە، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە، کە ئەم ژمارە پێوانەییەی ساڵی ٢٠١٦ ی تێپەڕاند، کاتێك ٧,٦١ ملیار دۆلاری لە بۆکس ئۆفیسی جیهانیدا کۆکردەوە.

شانازیی ئەم ژمارە پێوانەییە دەچێتە لیستی فیلمەکانی دیزنی ئەمساڵ کە نوێترین فیلمی (ئەڤێنجەرز) پێشەنگایەتی دەکات و قازانجەکانی لەقازانجەکانی فیلمی (ئاڤاتاری) زیاتر بوو، هەروەها (ئەڤێنجەرز) زۆرترین داهاتی لە مێژووی کۆمپانیاکەدا بەدەستهێنا.

دیزنی ئەمساڵ کێبڕکێی چەند فیلمێکی کرد و ٣ لەو

فیلمانـەی ئەمسـاڵدا زیاتـر لەملیارێـك دۆلاری دەسـتکەوت.
کۆمپانیاکـە نزیکـەی ٥ فیلمـی بەرهەمهێنـا کـە گرنگترینیان فیلمـی (پاشـا شـێر) (چیرۆکـی یـاری) فیلمـی (Captain Marvel) و (The Avengers) بـوو
ئـەو فیلمانـەی داهاتەکانیـان لەسـەرووی داهاتـی بۆکـس ئۆفیسـی سـینەماکانی جیهانـەوە بـوو.
لـە بەرامبـەردا، سـەرۆکی شرۆڤـەکاری میدیایـی لـە (کۆمسـکۆر) بـە سـی ئێـن ئێـن بزنسـی ڕاگەیانـد:
شـکۆمەندی جیهانـی دیزنـی لـەوە دایـە کاتێـك هەندێـك لـە گەورەتریـن براندەکانـی لـە فیلمـدا هەبێـت، جگـە لـەو هێـزە بازرگانیـەی هەیەتـی بـۆ بڵاوکردنـەوەی فیلمەکانـی و ئـەو کاریگەرییـە لەبیرنەکراوانـەی لـە مێشـکی بینەرانـی دا بەجێیـان دێڵـێ.
چاوەڕوانـی ئـەوە دەکرێـت (دیزنـی) قازانجـی زیاتـر لـەم ژمـارە پێوانەییـە بەدەسـتبهێنێت، ئەگـەر بەهەمـان خێرایـی بەرەوپێـش بچێـت، بـەڵام دەچێتـە نـاو کێبڕکێیەکـی تونـدی کۆمپانیاکانـی تـری فیلمی وەك (سـۆنی ژاپۆنـی و کۆمپانیای وارنـەر بـرۆس کـە گەورەتریـن کۆمپانیـای بەرهەمهێنانـی فیلمـە لەجیهـان.
سـاڵی ١٩٣٧ گۆڕانکارییەکـی گەورە لەجیهانی ئەنیمەیشـندا ڕوویـدا، لەبـەر ئـەوەی ئەمسـاڵ یەکـەم فیلمـی ئەنیمەیشـنی درێـژ لەسـەر شاشـەی گـەورە بڵاوکرایەوە.
ئـەو فیلمـەی باسـی دەکەیـن فیلمـی لـە (سـپی بەفـر و حـەوت کۆترەکـە) کـە لەلایـەن کۆمپانیـای دیزنیـەوە بەرهەم

هێــنراوە.
دوای چەندیــن ســاڵ کارکــردن، فیلمەکــە دەســتکەوتێکی گــەورەی بەدەســت هێنا،خەڵاتــی ئۆســکار وەك داهێنانێکــی هونەریــی جیاواز،ئــەوەی فیلمەکــە بۆتــە مایــەی بایەخدانــی ملیۆنــان بینــەر،
بەڕێــز دیزنــی خەڵاتــی ئۆســکاری لەلایــەن ئەکتــەری منداڵ شــیرلی تەمپڵــەوە پێشکەشــی کــرا کــە ئــەوکات تەمەنــی ١٠ ســاڵ بــوو.
لــەدوای بڵاوبوونــەوەی، ســتۆدیۆکە ٦١ فیلمــی ئەنیمەیشــنی درێــژی پێشــکەش کــردووە، کــە زۆربەیــان فیلمی کلاســیکی بــوون، لەوانــە فیلمــی (پیتــەر پــان) و (خــەوی جوانی) (پاشــا شــێر) و (جوانــی و دڕنــدە) تــا فیلمــی (بەســتوو) و (موانــا) لەوەتــەی هــاوکاری لەگــەڵ کۆمپانیــای دیزنــی کــردووە و فیلمــی جــووڵاوی داهێنەرانە و پێشــکەوتووی ( **Toy Story**) ی لەســاڵی ١٩٩٥ بڵاوکــردەوە، (پیکســار) بووەتــە یەکێــك لــە ســتۆدیۆ رەواج دارەکانــی ئەنیمێشــن لەسەرانســەری جیهانــدا.
توانــای گێڕانــەوەی چیرۆکــی سەرنجڕاکێشــی کەمــتر نییــە لــە هیــچ ســتۆدیۆیەکی دیکــەی جیهــان. ئەمــڕۆ لەژێــر خاوەندارێتــی دیزنیــدا، کۆمپانیــای پیکســار هەندێــك لەبەناوبانگتریــن فیلمــە ئەنیمەیشــنەکانی نــوێ کــردەوە لەوانــە فیلمــی (تــۆی ســتۆری) (دۆزینــەوەی نیــم) (مۆنســـتەرز ئینکــۆ.)

## زیرەکی دەست کرد بۆ دروست کردنی فیلمی ئەنیمێشن

مێـژووی زیرەکـی دەسـتکرد سـەرەتا بیرۆکـەی زیرەکـی دەسـتکرد، لەئەفسـانە و چیرۆکەکانـەوە دەربـارەی بوونەوەرە دەسـتکردەکانەوە دەسـتی پێکـرد.

بـەڵام تـۆوی زیرەکـی دەسـتکردی مۆدێـرن لەلایـەن فەیلەسـوفە کلاسـیکەکانەوە چێنـدرا، کتـێ هەوڵیـان دا پرۆسـەی بیرکردنـەوەی مـرۆڤ بەشـێوازێکی میکانیکـی بـە هێـما پێناسـە بکـەن. ئـەم کارە بـە داهێنانـی کۆمپیوتـەری دیجیتاڵـی بەرنامەبۆدارێـژراو لەسـاڵانی چلەکانـدا گەیشـتە لوتکـە، ئـەم ئامێـرە و بیرۆکەکانـی پشـتی، ئیلهـام بەخـش بـوو بـۆ کۆمەڵـێ زانـا بـۆ ئـەوەی دەسـت بکـەن بەگفتوگۆی جـددی لەسـەر ئەگـەری دروسـتکردنی مێشـکێکی ئەلیکترۆنـی.

بـۆ یەکـەم جاریـش توێژینـەوەی زیرەکـی دەسـتکرد لەهاوینـی سـاڵی ١٩٥٦ لـە وۆرك شـۆپێکدا لـە کەمپـی کۆلێـژی دارتمـۆس ١٩٥٦ ئەنجـام درا، ئەوانـەی بەشـداریان لـەو وۆرك شـۆپەدا کـرد، بوونـە پێشـەنگی توێژینەوەکانـی AI بـۆ دەیـان سـاڵی داهاتـوو.

زۆرێـك لەوانـە پێشـبینیان دەكـرد كـە ئامێرێكی زیـرەك وەك مـرۆڤ لـە زیاتـر لـە نەوەیەكـدا بوونـی نابێـت و ملیۆنـان دۆلاریـان وەرگـرت بـۆ ئـەوەی ئـەم دیدگایـە ببێتـە واقیـع.
لـە كۆتاییـدا ئـەوە ڕوون بـووەوە كـە ئـەوان بەشـێوەیەكی بەرچـاو سـەختی پڕۆژەكەیـان لەبەرچـاو نەگرتـووە، بۆیـە لەسـاڵی ١٩٧٣ لـە بەرامبـەر ڕەخنەكانـی (جەیمـس لایـت هیـڵ ) و فشـارە بەردەوامەكانـی كۆنگرێـس، حكومەتـی ئەمریـكا و بەریتانیـا، پرۆسـەی زیرەكـی دەسـتكردیان بـۆ ماوەیـەك ڕاگـرت.
بـەڵام دوای حـەوت سـاڵ، دەستپێشـخەرییەكەی حكومەتـی ژاپـۆن، ئیلهامبەخـش بـوو بـۆ حكومەتـەكان و پیشەسـازییەكانیان بـۆ ئـەوەی بـە ملیارەهـا دۆلار پـارە بـۆ پڕۆژەكانـی AI دابیـن بكـەن.
لەكۆتایـی هەشـتاكانییش دا لـە سـەدەی ڕابـردوودا، جارێكـی دیكـە وەبەرهێنـەران بەهـۆی نەبوونـی كۆمەڵـێ كۆمپیوتـەری پێشـكەوتوو، بـێ هیـوا بـوون و جارێكـی دیكـە پـارە تەرخـان كراوەكانیـان كشـاندەوە.
تـا جارێكـی تـر لەدەیەكانـی یەكەمـی سـەدەی بیسـت و یەكەمـدا گەشـەی كـردەوە، كاتێـك پرۆسـەی فێربوونـی ئامێـر بەسـەركەوتوویی بـۆ زۆرێـك لـە كێشـەكانی ئەكادیمـی و پیشەسـازی بەكارهـات و كۆمپیوتـەری بەهێـز بەكارهێنـرا و كۆمەڵـە زانیارییەكـی گـەورە كۆكرایـەوە.
تەكنەلۆژیـای زیـرەك لـەم سـاڵانەی دواییـدا پێشـكەوتنی گـەورەی بەخۆیـەوە بینیـوە، لەوانـەش لـە بوارەكانـی هونـەر

و ئەنیمەیشـــن. یەکێــك لــە ڕاســتییە سەرنجڕاکێشــەکانی ئامرازەکانــی AI ئەگــەری دروســتکردنی کارەکتــەری کارتۆنییــە بەبەکارهێنانــی مۆلیــدەی کارتۆنــی AI جگــە لــەوەش ئــەم ئامرازانــە توانــای گۆڕینــی وێنــەی واقیعییــان هەیــە بــۆ کارەکتــەری کارتۆنــی خــۆش و زینــدوو و ئەنیمەیشــن بــە بەکارهێنانــی تەکنەلۆژیــای زیــرەك.

مۆلیــدەی کارتۆنــی AI بەکاردەهێنــدرێ بــۆ دروســتکردنی ئاثاتــاری ســەرنجڕاکێش و کارەکتــەری کارتۆنــی بەشــێوەی ئۆنلایــن و بــە بەکارهێنانــی تەکنەلۆژیــای زیــرەك، بــۆ گــەڕان بــە ٦ باشــترین بەرنامــە بــۆ گۆڕینــی وێنــە بــۆ کارتــۆن!

خولــی تایبــەت هەیــە بــۆ فێربوونــی چۆنیەتــی بەکارهێنانــی زیرەکــی دەســتکرد لــە دروســتکردنی فیلمــی ئەنیمێشــن دا.

ئەگــەر قــوولّ بیتــەوە لــە تێگەیشــتن لــەو ئامــراز و تەکنیکانــەی کــە لــەم بــوارەدا بەکاردەهێنرێــن، و چــۆن دەتوانیــن بەکاریــان بهێنیــن بــۆ دروســتکردنی ئەنیمەیشــنی کوالیتــی بــەرز.

دەتوانیــت فێــری ئــەوە بیــت کــە چــۆن ئــەم ئامرازانــە بــەکار دەهێنیــت لەپرۆســەی داهێنــەردا، لــەو پرۆســەیەدا ســەرەتا لــە دانانــی بیرۆکەکــەوە دەســت پێدەکەیــت، لــە ڕێگــەی نووســینی ســیناریۆو پاشــان دانانــی دەنــگ بــۆ کارەکتەرەکانــی فیلمەکــە، لەڕێگــەی زیرەکــی دەســتکردەوە، تــا دەگاتــە قۆناغــی جێبەجێکــردن.

لــەم خولــەدا زانیــاری بەنرخــی ئەوتــۆ بەدەســت دێنیــت و یارمەتیــت دەدات بــۆ بەرزکردنــەوەی توانــای فیلمســازیت و

تێگەیشتن لەوەی کە چۆن زیرەکی دەستکرد دەتوانێت ڕۆڵێکی بنەڕەتی لەم کارەدا بگێڕێت.
لە سالانی ڕابردوودا جیهان پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد، بۆ دروستکردنی فیلمی ئەنیمێشن، زۆر لە ماندوو بوون و هیلاکییەکانی مرۆڤی کەم کردۆتەوە، جگە لە سوود وەرگرتن لە کات و کوالیتی بەرهەم. .هەروەها زیرەکی دەستکرد توانایەکی زۆری هەیە لەدروستکردنی فیلمی کارتۆنی (سێ ڕەهەندی) لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی فێربوونی ئامێر و شیکاری داتاکان
هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی زیرکی دەستکردەوە، کوالیتی ئەنیمەیشن باشتر بکرێت و داهێنانی زیاتر بکرێت.
جگە لەوەش دەتوانرێت زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی دیزاینکردنی وردەکاری و شێوەی ورد، لەسەر بنەمای کۆمەڵێك داتا، ئەمەش یاریدەی تیمە داهێنەرەکان دەدت لە فیلمسازیدا بۆ قۆرخ کردنی کات .
هەروا دەتوانرێت زیرەکی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ باشترکردنی پرۆسەی میکانیزمی دروست کردنی ئەنیمەیشن.
لەبری ئەوەی بەدەستی چوارچێوە بەچوارچێوە دروستی بکەن، دەتوانن لە کۆمەڵێك داتای بەرفراوانەوە فێری شێوازی جووڵەی کارەکتەرەکان بن، بە فۆرمێکی یەکگرتووتر و واقیعی تر. کاتێك باس لە بەرهەمهێنانی

فیلمێکی ئەنیمەیشن دەکرێت، پێویستی بە کاری دەستی زۆر و داهێنانی داهێنەرانە هەیە بۆ دروستکردنی کارەکتەر و جیهانی مەجازی.
بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی خێرا لەبواری زیرەکی دەستکرددا دەتوانین ئەم تەکنەلۆژیایە بەکاربهێنین بۆ ئاسانکاری و باشترکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمی کارتۆنی سێ ڕەهەندی زیرەکی دەستکرد.
ئامرازێکی بەهێزیشە بۆ دروستکردنی چیرۆك و پەرەپێدانی سیناریۆکان.
سیناریۆ نووس دەتوانێ بە ئاسانی دەقی پێشوو شی بکاتەوە نەخش و توخمە باوەکان بدۆزنەوە و چیرۆکێکی نوێ لەسەر بنەمای ئەم نەخشانە بنیات بنێتەوە.
ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خێراکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلم و پاشەکەوتکردنی کات و ماندووبوون بۆ تیمە داهێنەرەکان.




## خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین فیلمی ئەنیمێشن

خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین فیلمی ئەنیمەیشن خەڵاتێکە کە ساڵانە لەلایەن ئەکادیمیای ئۆسکارەوە دەدرێت بە باشترین فیلمی ئەنیمەیشن.


خەڵاتی ئۆسکار لەساڵی ١٩٢٩ەوە بەخشراوە، بەڵام خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین فیلمی ئەنیمەیشن بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠١ بەخشرا.

فیلمی ڕفێنراو (٢٠٠١) تاکە فیلمی ئەنیمیشنە کە بۆ یەکەم جار یەکەم خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێناوە لە مێژوودا.

ئەم فیلمە لەسیناریۆو و دەرهێنانی: هایاو میازاکی یە.

لە خوارەوە لیستێك لە براوەترین فیلمەکانی ئەنیمێشن لەمێژووی خەڵاتی ئۆسکاردا دەخەینەڕوو:

٢٠٠١ فیلمی ( هاوبەش)
٢٠٠٢ فیلمی ستێپناپد
٢٠٠٣ فیلمی دۆزینەوەی نیمۆ
٢٠٠٤ فیلمی( The Incredibles)
٢٠٠٥ فیلمی والاس و گرۆمیت
٢٠٠٦ فیلمی (پێی دڵخۆش)
٢٠٠٧ فیلمی (چێشتلێنەری بچووك)
٢٠٠٨ فیلمی WALL-E
٢٠٠٩ فیلمی Up
٢٠١٠ فیلمی (چیرۆکی یاری ٣)
٢٠١١ فیلمی( Rango)
٢٠١٢ فیلمی (ئەفسانەی مێریدا)
٢٠١٣ فیلمی (شاژنی بەفر بەستوو)
٢٠١٤ فیلمی ( The Six Heroes )
٢٠١٥ فیلمی (لای دەرەوە )
٢٠١٧ فیلمی Zootropoliss
ئاهەنگی ٩٠ فیلمی (کۆکۆ)
فیلمی ٢٠١٩
٢٠٢٠ فیلمی Toy Story
٢٠٢١ فیلمی Soul
٢٠٢٢ فیلمی ئێنکانتۆ
٢٠٢٣ فیلمی Pinocchi



# داهاتی هەندێ لەفیلمە ئەنیمێشنەکان دوو ملیار دۆلاری تێپەاندووە

لـەو سـاڵانەی دواییـدا فیلمـی ئەنیمێشـن شۆڕشـێکی تەکنەلـۆژی نـوێ ی لەسـینەمادا پەیـدا کـرد، چ لـەرووی راکێشـانی بینـەر بـۆ پەنجەرەکانـی پلیـت بڕیـن، چ بـۆ بەرزبوونـەوەی ئاسـتی داهاتـی سـینەما لەجیهانـدا، بەتایبەت لەوڵاتانـی وەك ئەمریـکاو ئەوروپـاو ژاپـۆن، کـە سـەرچاوەی سـەرهەڵدانی فیلمـی ئەنیمێشـنن.


دەرکـەوت کـە کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنانـی ئـەم جـۆرە فیلمانـە، لەهەمـوو کۆمپانیـا پیشەسـازی و بازرگانیەکانـی تـر، خـاوەن دەسـکەوتی ئابـووری زێـترن و هەندێکیـان

لەسـنووری پێشـبڕکێیان تێپەڕانـدووە.
ئەمـە وای کـردووە، ئـەو کۆمپانیانـەی دروسـت کردنـی فیلمـی ئەنیمێشـن لەگەشەسـەندن دابـن، بەرهەمەکانیـان زێـتر بکـەن و فاکتەرەکانـی پێشـکەوتنی تەکنەلـۆژی پـەرە پـێ بـدەن.
بەپێـی ئامارەکانـی( بۆکـس ئۆفیـس مۆجـۆ)، تـا٧ی ئەیلوولـی ٢٠٢٣، حـەوت فیلمـی ئەنیمێشـن بەشـدارییان لەلیسـتی فیلمـە نوخبەکانـدا کـردووە، کـە بەکـۆی گشـتی داهاتەکانیـان لـەدوو مليـار دۆلاريـان تێپەڕانـدووە.
لەپێشـەنگی ئـەم لیسـتەدا فیلمـی ( Demon Slayer the Movie: Mugen Train ) ە، کـە کـۆی داهاتـی جیهانـی بەدەسـتهێناوە کـە بـڕی.دوو ملیـارو ٤٥٣ ملیـۆن دۆلار بـووە و لـە تێکـڕای فیلمـە سـەرکەوتووەکانی هۆلیـوودی تێپەڕانـدووە.
بەگشـتی لەسـاڵی ٢٠٢٢دا، بـازاڕی ئەنیمێشـنە جیهانییەکان داهاتەکانیـان نزیکـەی ٦١,٢٨ ملیـار دۆلار بـووە، بـەڵام چاوەڕوانـی ئـەوە دەکرێـت گەشەسـەندنێکی بەهێزتـر بەخۆیـەوە ببینێـت
لـە خـوارەوە زۆرتریـن داهاتـی فیلمـە ئەنیمەییـەکان دەخەینـەڕوو، بـە پشتبەسـتن بـە داتـای داهاتـی (بۆکـس ئۆفیـس)
کۆی گشتی داهاتی جیهانی ٢,٤٥٣ ملیۆن دۆلار بووە.
زۆرتریـن داهاتـی فیلمـی ئەنیمێشـن لـە زنجیـرەی «Demon Slayer: Kimetsu no Yaiba»ە، کـە بـۆ یەکەمجـار لـە

مانگـــی نیســـانی ٢٠١٩ نمایشـــکرا، چیرۆکـــی زنجیرەکـــە رووداوەکانــی لەچیرۆکــی مانگایەکــی (کۆیۆهــارۆ گۆتۆگــی) وەرگیــراوە.
فیلمەکـــە چەندیـــن خەڵاتـــی بەهـــاداری بەدەســـتهێنا، لەوانـــە خەڵاتــی باشــترین فیلــم لــە **Crunchyroll** هەروەهــا خەڵاتی باشــترین فیلمــی ئەنیمەیشــن لەئۆســکاری ژاپــۆن.
فیلمەکــە لەســاڵی٢٠٢٠ دا دووەم بەرزتریــن داهاتــی جیهانــی (بۆکــس ئۆفیس)ەکانــی ئەمســاڵی بەدەســت هێنــا.
هــەروا فیلمــی ئەنیمێشــنی ژاپۆنی (کیمــی نۆ نــا وا) چیرۆکی (تاکــی) و (میتســوها) دەگێڕێتــەوە کــە دوو هــەرزەکارن و تاقیکردنەوەیەکــی نهێنــی ئەنجــام دەدەن، جەســتەیان لەگــەڵ یەکــتردا دەگۆڕنــەوە.
ئــەم شــاکارە لەدەرهێنانــی (ماکۆتــۆ شــینکای) بــوو، خەڵاتــی باشــترین فیلمی **Crunchyroll** ٢٠١٨ ی بەدەســتهێنا.
هەروەهــا فیلمەکــە خەڵاتــی بەناوبانگتریــن فیلــم و باشــترین نمــرەی ئەســڵی و باشــترین ســیناریۆی خەڵاتــی ئۆســکاری ژاپۆنــی ٢٠١٧ی بەدەســتهێنا.

## سەرچاوەکان:

١- تقتيات انيميشن ـ الفكرة العلمية / منال احمد بن محفوظ / دار الريادة ٢٠٢٣
٢- افلام الانمى هل هو العدو المجهول / امل مصلح حاسن السالمى
مكتبة نورArchive .org
٣- الغزو الفكرى فى افلام كارتون . احمد نتوف
٤- كةنالَى رووداو- ضاوثيَكوتن لة طةلَ
٥- المعرفة المَنقذة للحياة للرسوم المتحركة/ تاليف ريتشارد ويلياميز/ ترجمة فرناز خوشبات
مؤسسة الفارابى للسينما
٦- التوقيت فى افلام انبميشن / تاليف ـ هارولد
ترجمة سيد جواد شعبانى
٧- ثقافة انيميشن / تاليف ـ فرناز سعيد/ دار الابان للنشر/ ايران
٨- انيميشن / تاليف ـ احسان مظلومى/دار كييد ٢٠٢٣



## پرۆفایل:

**حەیدەر عەبدولڕەحمان ــ نووسەرو ڕەخنەگر**

ــ ساڵی ١٩٥٦ لەهەولێر لەدایك بووە.

ــ لەساڵی ١٩٧٣ دەستی بە نووسینی ڕەخنە کردووە، لەبواری شانۆو سینەماو درامادا

ــ ساڵی ١٩٩١ لەرۆژنامەی خەبات وەك بەرپرسی مەلەفی هونەریی دەستی بەکاری رۆژنامەنووسی کردووە.

ــ ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری سینەماو شانۆ ــ لەوەزارەتی رۆشەنبیری و لاوان.

ــ ساڵی ٢٠٠٦ بەڕێوەبەری دراما لەوەزارەتی رۆشەنبیری و لاوان.

ــ ساڵی٢٠٠٧ جێگری بەڕێوەبەری گشتی کۆشکی هونەر.

ــ ٢٠٠٨ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەدین .

٢٠٠٨ سەرنووسەری گۆڤاری زانکۆ پرێس.

کتێبە چاپکراوەکانی:

ــ شانۆیی (خوا لێخۆشبوو) نووسینی ( برانسیلاف) وەرگێڕان ١٩٨٥.

ــ چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی کوردی/ بەشی یەکەم ـ دەزگای

چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٨
- چەپکێ ڕەخنەی شانۆی کوردی/ بەشی دووەم - لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشەنبیریی و لاوان.٢٠١٨
ــ شکسپیر لەسینەمادا ــ٢٠٢١ وەزارەتی رۆشەنبیریی و لاوان.
- دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی سینەمای کوردی ــ لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەلاحەدین. ٢٠١٨
- چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی/ بەشی سێیەم ـــ لەبڵاوکراوەکانی حەوتەمین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ .٢٠٢٢
- ئەنیمێشن ـــ سینەمای جیهان داگیر دەکات - ٢٠٢٤ لە بڵاوکراوەکانی شەشەمین دیداری نێودەوڵەتی کەرکوك بۆ فیلمی ئەنیمێشن.
- خاوەنی خەڵاتی رەخنەگری پێشەنگە لەبواری شانۆدا، کە وەزارەتی رۆشەنبیریی ولاوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢١ بە بۆنەی تێپەڕبوونی نیو سەدە لە نووسینی ڕەخنە لە بواری شانۆدا، پێشکەشی کرد.